جۆر و شێوەکانی بوونی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا -2- هەندرێن خۆشناو

(بەشی 2)
هەندرێن خۆشناو

بە گوێرەی ئەو ناوەڕۆکەی کە کاریکاتێر باسی لێوەدەکات، دەکرێ کاریکاتێر دابەش بکرێت بەسەر چەند جۆرێکدا، دابەشبوونە کلاسیکیانەکەش کاریکاتێر بەسەر چوار جۆردا دابەش دەکات، بە گوێرەی گرنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا: 1- کاریکاتێری سیاسی 2- کاریکاتێری کۆمەڵایەتی.

3- کاریکاتێری گاڵتەجاڕی (پێکەنین):

ئەو وێنە کاریکاتێرییە کۆمیدیایە داڕژراوەیە کە هیچ ڕەخنەگرتنێکی تێدانیە، ئامانجی تەنیا بە پێکەنین هێنانەوەیە، بابەتەکانیشی دیارینەکراو و بێ سنوورە، لە سیاسەتەوە بگرە تا سێکس، ئەوەی جیایدەکاتەوە لە جۆرەکانی تر، کە ئامانجی تەنیا بە پێکەنین هێنانە، لە کاتێکدا کە جۆرەکانی تر بە تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێکەنین تێیدا بەکاردێت بێ بەدیهێنانی چەندین ئامانجی تر. لەو کۆمەڵگایانەی کە بەدەست خوێندنزانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنن واباوە کە بەچاوێکی سوك و کەمەوە تەماشای ئەم جۆرە کاریکاتێرە بکەن، بە تایبەتی لە کۆمەڵگاکانی وەاتە عەرەبییەکاندا بە کاریکاتێرێکی بەتاڵ و بێ ناوەڕۆکی بژمێرن، ئەمەش لە چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ کاریکاتێریستە عەرەبەکانەوە تێبینی کراوە، ئەم تێڕوانینەش هەبەتە تێڕوانینێکی هەڵە و هەڵەکارەیە، چونکە یەکەم کرداری ئەفراندن بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە سروش و هزرەوە، مەرجیش نیە هەموو ئەو بیرکانەی کە بە مۆشکی کاریکاتێریستەکەوە دادێن بیرکە و بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بن، ئەویش بە خولانەوەی بەدەوری سیاسەت و کۆمەڵگاوە واقیع وێنادەکات، واقیعیش تەنیا سیاسەت و کۆمەڵایەتی نیە، بەکو پشوگەی گاڵتە و پێکەنینی سادەشە.

وێناکردنی ئەم بابەتانەش لەلایەن هونەرمەندەوە ئەوە ناگەیەنێت کە وازی لەو دیزە هێنابێت کە گرتویەتیە خۆی، هەرچیەکیش بێت ئەو

دۆزەۆ، نابێت هونەرمەند بیرۆکە بکوژێت و لە یادەوەری هونەری خۆیدا پشتگوێی بخات، چونکە ئەمە ڕۆڵی وەک کرداری زیندەبەچاڵکردنی کچان وایە لە سەردەمی نەزانیەوە، پێمانوایە کە هونەرمەند دەبێت هەموو ئەو بیرۆکانە بپارێزێت کە بە هزریەوەدا دێن، دووەمیش هەڵەیە کەوا بیربکەینەوە کە گاڵتەوگەپ دیاردەیەکی نەرێنیە، ناتوانین کردای بە پێکەنین هێنانێکی سادە بە جۆرێک لە بژایی و بەتاڵی بژمێرین، چونکە بە شێوەیەکی گشتی حاڵەتێکی مرۆڤانەی ئەرێنیە، ئەمەش بەسیەتی بۆ زانینی ئەوەی کە کاریکاتێری گاڵتەوگەپ بۆ سوود نیە، هەروەک وای بۆ دەچن.

سێیەمیش کاریکاتێر کار و ئەرکی تری هەیە لە ڕۆژنامەگەریدا بۆجگە لە هاندان و پروپاگەندەکردن هەروەک دەبینین، کاریکاتێری گاڵتەوگەپیش ڕۆڵی تەواوکاری هەیە لەگەڵ چەندین بابەتی دیکە و بەند نیە لەسەر پێکەنین بەتەنیا، مەترسیش لە ڕۆڵی بەهێشکاری کاریکاتێری گاڵتەوگەپ کە بەردەوام دوژمنانی ئەمجۆرە دەیخەنەووڕاست نیە، چونکە تاقیکردنەوەکان بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کێشەکانی کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەیان هەیەڵ لەسەر هەموو چالاکییە هونەرییەکاندا، ئاساییەڵ لە وڵاتێکدا کە بۆ نمونە بەدەست شەڕی ناوەخۆدا بناڵنێت، کاریکاتێری گاڵتە پلەی یەکەمی بەرنەکەوێت، چونکە هەر لە بنەڕەتدا بارودۆخی گشتی ڕێگە بەمە نادات، بۆیە ئەم مەترسیە هەر بوونی نیە، لەبەرئەوەی بمانەوێ و نەمانەوێ وێنە گشتییەکە لە نەخشەی ئەفراندنی هونەرییدا پەرچاوەی تابلۆ هونەرییەکەیە لەسەر واقیعدا بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە.

بۆیە ئەمە وایدەبینین کە ئەو هەوڵستە دژ بە کاریکاتێری گاڵتەوگەپ جۆرێکە لە پێوەندبوونی ئازادی ئەفرێنەرەکە و دەچێتە خانەی تیرۆرکردنی دەروونی، کە پاڵ بە ئەفرێنەرەوە دەنێت بۆ کوشتنی ئەو بیرۆکانەی کە بە هزر و خەیاڵیەوەدا دێن، و نەخستنیانە سەر کاغەز لە ترسی تۆمەتبارکردنی بە بەتاڵی و هیچی، لە ڕاستیشدا ڕۆژەی 10%ی کاریکاتێرەکانی گاڵتەوگەپ و قژشمە لە کۆی بەرهەمی هونەرمەندێکی کاریکاتێری، بیانوو نادەن بەدەستەوە بۆ پێنەدانی متمانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە کارەکانیەوە، لە کاتێکەوە کە ئەم وێنانە 1%ی کارەکانی پێکدێنن.

چەند شیعرێکی شاعیری ئەمریکی "سەلماز شەریف" ... و: بەکر ئەحمەد

لە دیوانی: look
سولماز لە ساڵی 1986 لە ئێستەنبوڵ لە دایک و باوکێکی ئیرانی لە دایک بووە. لە تەکساس، ئالاباما و کالیفۆرنیا گەورە بووە. ئێستا لە سانفرانسیسکۆ دەژی و لە دانشگای ستانفۆرد وانەدەڵێتەوە. ساڵی 2016 بە کۆمەڵە شیعری "لووک" یەکەمین بەرهەمی بلاوکراوەی خۆی چاپدەکات و کۆمەڵێک خەڵاتی گەورە بەدەست دێنێت. واشینتۆنپۆست دیوانی look ی بە باشترین کتێبی شیعری ساڵ ناساند.

Solmaz Sharif, 2016, look, Ramus Bokförlag
لەلایەن ئیدا بەرەل و جۆنیفەر هەیاشیدە و لە ئینگلیزیەوە کراوە بە سویدی

گەیشتنە گوانتانامۆ

سالمی خۆشەویست،

خۆشەویستم، چۆنیت تۆ؟..... ئەتدۆن؟
من نیگەرانم. لەم ماوەیەی دوایدا قژم تەواو.....
تەنانەت پێستیشم .....
دکتۆرەکان دڵنەن.....
من لەگەڵ ئەواندا هاوڕام. دەبوایە.....
داواکارم دەگیر نەبیت.
..... لە باخچەکەدام و خەریکی هاوینم
دەستیان بە دایکت گەیشتووە.....
.....تۆ لە یادتە.
هەندەکم بە خستیتە ناو پاکەتەوە .....
بە تەنها بە تەم دروستکردووە. هەوە بدە بە ەک و پەکی نان بخەیت
بەچی..... من دەبوایە من شوویەکی دیکە بکەمەوە
بەمگەرایەوە.....ئەو خەی نەیدەتوانی.....ئەوە
من قەت نەمتدەتوانی.....
خۆشەویستم، من ئەم گەرانییەت بە دڵەم.....تە حەزت لەی بوو
ئەو دەریانت بیر نییە .....

من خەریکم.....
تەنها بە تۆ
هی خۆت،

سالمی خۆشەویست،

هەموو دونیاو لە ئاسماندا چەخماخە بوو، .....ەوناک کردەوە
بەهام باران هەر نە باری. هیچ
کە دڵگەم ماڵەوە، هەموو شتێک
..... تەپ و تۆز. جووتێک.....
لە تەنیشتی..... خاولییەک و
.....و .....
لە بیانیدا. هەر چەندێک بیت، من نەمتوانی.....
لای پەنجەرەکەوە دانیشتم و سەیرمدەکرد
سەیریان دەکرد.....و
دەیانزانی من لە هین دەچم.....
.....واهی
هی خۆت،

سالمی خۆشەویست،

ئەوان لە گەڵ هیندا هاتن.....دوکانەکە
..... پیشتر
لووتم تەقی بە لووتیانا.....
بەهام هەشتاش هەر ئاودارە
ترشییەکەیم تەواو دەرکرد
..... هەموو ڕۆژەکە. لاپەڕەی ڕۆژنامەکە
..... بەهەی شەربەتەکەوە.
دەیخەمە ناو قوتوییەکەوە تا ئەو کاتەی تە دەیتەوە.
.....هەندێک هەڵوژێشم.
من هەشتاکە نەمکردەتەوە.....دوای ئەوەی ئەوان..... یت
تاقەتی ئەم هەمووەم.....ئەو هەموو.....ددانانە
یان لەوانەیە.....
چەن چەرچەفەکەیان پیس کرد
هیوادارم تە لە من.....
هیوادارم ڕەت پەبدەن کەمێک.....
هی خۆت،

سالمی خۆشەویست،

..... دەیووت من پەیوستە زمانم.
تووند تر بووە. من پەموت کە ئەو .....خەی تەنخات
کە.....هی خەی..... ژنەکەی
ئەو ..... نابە
گەر ئەو هی من .....هیچ کاتێک لێم .....
جارێکی دی. هەندێک جار نامە بە تە دەنووسم و پەستی ناکەم.
عاجز نەبی!
دەموو ئەوان.....
وەختە دەیکەیتەوە.....
.....وەک گردێک لە گوڵاڵسوورە
هی خەت،

سالمی خۆشەویست،
.....هەلانەیان دروستکردووە
لە ژەر.....
و ئەستاش .....بەچکەکان هەمیشە.....
.....هەڵەکەیان بردووە
و برنجیش. چایش. نازانم کە.....
بریاردەدا.....ئەم شتانە
هی خەت،

سالمی خۆشەویست،

دراوسێکان لێبوورنەکیان وەرگرت و
..... چەندە هەزار دۆلارێکیش
ئەوان وا حسابیان کردبوو.....لەسەر .....و

..... تەمەنیش.
قیمەتی.....هی ئینسانێک.....
.....شتی وا روویدا کاتێک کردیانەوە و دراندیان.....
.....وەک تەپڵێک، ئاگریان دا هەر لەوەدا و لێبڕامبەر.....
.....دەن بە دانەرن. چەکەک..... بە.....
من .....! .....!
.....؟
هەرگیز.
هی خەت،

سالمی خۆشەویست،

لە ..... حیکمەت دەخوێنمەوە.
ئینسانی..... نیشتیمان
ژنەکەی نامە بە ..... دەنێرێ
..... وەک من.
ئێستا ناخوێنمەوە. ئەو وا بوو..... وەک تۆ
من هەموویانم هەیە..... کتێبەکانی
هەموویان.
تۆهموولی .....
.....
هەموو کتێبەکان بڕیز لە ناو رەفەکەدان
وەک چۆن تۆ.....
دەستایت و بۆنی لاپەڕەکانت دەکرد
هەموو دەڵێن.....
هەمان..... مژوو
بەڵام کەسێک هی ئێمە ناگەڕێتەوە.

لەگەڵ هەمووانداتەنیا ... دەق: چارلس بوکۆفیسکی

ا

وەرگێڕانی: سەران محەمەد

گەشتەکەی ئێسکەکەی داپۆشیوە
ئاوەزیشیان تێخست
هەندێکجاریش گیان،
ژنەکان ئینجانەکان دەشکێنن
لە دیوارەکاندا
و پیاوەکان زەر دەخنەوە
هیچ کەسێکیش کەسێکی دی
نابینێتەوە

بەڵام هەر
دەنواڵن
بە گاگڵەکێ دەچنە ناو جێ و
لێی دەردەچن.
گۆشت دایپۆشیوە
ئێسك و گۆشتەکە
بێ زیاتر لە گۆشت
دەگەڵێ.
.
هیچ شانسێ نییە
هەرگیز:
هەموومان کەوتوینەتە
نێو داوی تاکە
چارەنووسێکەوە.
.
هیچ کەسێك هەرگیز
کەسێکی دی نابینێتەوە.
.
شار پێ ئەبێ لە پاشەڵێ
باخەکان پێ دەبن لە شەڵ
خانووەکان پێ دەبن لە شێت
خەستەخانەکان پێ دەبن
گۆڕستانەکان پێ دەبن
.
هیچ شتێکی تر
پێ نابێ

.....

بایۆگرافی/

ساڵی لەدایك بوون و مردن: 1920-1994

شوێن: لە ئەمانیای ڕۆژهەڵات لەدایك بووەو لە 2 ساڵیدا لەگەڵ خانەوادەکەیدا کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا

بواری تایبەتمەندیی: ڕۆمان و شیعرو پەخشان و چیرۆکی نووسیون.

ئەو زۆر کاری جۆراوجۆری کردووە لە ژیانیدا بۆ بەیوەچوونی زیندەگی، باوکی زۆر توند بووە لە ڕەفتاریدا، ئادەم کیرش سەبارەتی گوتوویەتی ئەو بریتییە لە: بەڕەنگاریی ، شێتیی، نەفرین..

خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت : بەڵێ زۆربەی بەرهەمەکانم ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆمە.

بەرهەمەکانی زیاتر رەنگدانەوەی پوچەڵیی ژیانی هاوچەرخ و زەقکردنەوەی ژیانی چەوساوەکانی ئەمریکایە. ئەو چەندان جار بەندینخانەی بینیوەو بە هۆی سەرمەستییەکانی و لاموبالاتی ژیانی خۆی توشی زەر دەخی کوژەوەری ژیان بووەو لە ئاکامدا هەستکردن بە جیاوازبوونی لەگەڵ ئەوانی تردا تیا دروست بووەو سەرئەنجامیش رق لە بەشکی مەردومانی هاوچەرخ دایدەگرێت.

ئەم شیعرە:

دەتوانم لێرەدا بڵێم؛ گەر کەمێك لەم شیعرە رابمێنین دەبینین کە چۆن شاعیر بە ناونیشانێکی جیاواز لە کەسانی تر دەست پێدەکات، ئەویش بە هەڵبژاردنی ناونیشانێك مانای ئەوەیە جیاوازبوونیی کەسانێك یان (خود) بە گیرۆدەبوونی تەنیاییەوە، ئەمەش لە ئاکامی زەر هەکاری ئیجابی و سلبی دروست دەبێت، کاتێك شیرازەی کۆمەڵگاو شێوازی تێگەشتن و ژیانکردن جۆراوجۆر دەبێت، دەبێتە لەمپەرێك لە سەر ڕێی نزیکبوونەوە لەوانی تر، ئەوانیش رەنگە ئەگەر کەسانێك وەك خۆیان نەژی بە جیاواز تێی بگەوانن و لێی دوور بکەونەوە، ئەم ترسە بارێکی دەروونی وا دەخولقێنێت مرۆڤ زیاد لە پێویست هەستەوەر بکات، لەبەرانبەریشدا کەسەکانی دەوروبەر شتێك لە دژەقی و خودپەرستیی و خۆ بەزلزانییان تیا دروست دەبێت کاتێك ناتوانن قبوڵی جگە لە خۆیان بکەن، واقیعیش لایەنی ئەوان دەگرێت چونکە ئەوان زۆرو ئەم کەم، شاعیر لەم شیعرەدا بەزاراوەی گۆشتی لەشی مرۆڤ و باری پێکهاتەی بایۆلۆژی ئادەمیزاد دەست پێدەکات، کە نەخۆر هەرگیز تەنێ لە مادە پێکنەهاتووە بەکو ژیریی و لۆژیک جارانێك هاوکێیەتی و گیانیش زیندووەتی و ویژدانی تیا بەئاگا دێنێت، بۆیە دەڵێت (جارانێك) دیارە کەسانی زیندوش هەن کە دەژین و لە شوێنی مردووانن و هیچ ڕۆڵێکیان لە ژیاندا نییە، و لەبارە خراپەکەیدا بە کاولکاریی و زیانگەیاندن وێرانکردنیش هەڵدەستن بە هۆی کرداری هەرزەییە نابەرپرسیارو نامرۆییەکانیانەوە. تووڕەیی وەك سیمبوڵێك بۆ ڕۆڵی ژن یان ڕوونتر بڵێین ئەو ژنانەی بەر دیدو ئەزموونی شاعیر کەوتوون و هەروەها بەدەمەستی پیاوان دوو هەکاری زەقن لەم شیعرەدا کە دەمانگەیەنن ئەوەی تێبگەین بۆچی (ئادەم و حەوا) وا لەم زەمەنەدا لەیەکتر دوور کەوتوونەتەوە؟ نەك ئەمە بەکو نەدزینەوەی هاوەڵی (گیانیی بە گیانیی) کۆشەیەکی چەرخی نوێی تەکنەلۆژیاو مانگە دەسکردەکانە، بەکو مرۆڤ کە شاعیر لێرەدا زاراوەی گۆشتی بۆ بەکارهێناوەو لە زمانی ئینگلیزیشدا بەم جۆرە بەکاردێت، ئەوا ئەو بۆ زیاتر لە مرۆڤ دەگەڵێت، یان بۆ زیاتر لە

بینینینەوەی مرۆڤ دەگەڕێت، دەبێت ئەوە چی بێت؟
شاعیر لێرەدا هیچی زیاتری لەسەر ئەو مەسەلەو بابەتە نەنووسیوە، ئێمەش لێکدانەوەی بۆ ناکەین، بەڵام ئەوەی نەهامەتییە بەرەنجامی ئەم ژیانە سەرەوبنەی پێستمۆدێرنە کەوا لە ژینگە دەکات بە جۆرێك پیس ببێت و مرۆڤەکان ئاوها شێت ببن و مردنی لەناکاو و خێرای وا پەیدا ببێت، بەرەنجامی تێکدانەکانی دەستی مرۆڤ هەر زوو درك پێ بکەین کە هەریەك لە ئێمەو بە جۆرێك لە جۆرەکان (درەنگ یان زوو) تاوەکەی نێش دەکات.
کەواتە ئەمەش دیمەنێکی تری مرۆڤی هاوچەرخە بە پەیەموچی شیعریی شاعیر وێناکراوەو رەنگە زۆرمان لەمەدا ئەزموونی بکەین بەڵام کەمتر دەتوانین ئاوها دەربڕینی لێ بکەین، هەرچەندە زمانەکەی تاڕادەیەك ئاڵۆز نییە بەڵام دڵخوازی خوێنەری هاوچەرخە، بەڵام من وای دەبینم شاعیر زیرەکانە زاراوەی (گۆشت)ی لەم دەقەدا بە 3 مانا بەکارهێناوە- گۆشتی لەشی ئادەمیزاد- ئادەمیزاد خۆی- ئەندامێکی لەش … هەروەها گەر دیقەتی ئەو تەکنیکە شاردراوەیە بدەین کە چۆن شاعیر بە 4 هەناسەی شیعری 4 وێنەی جیاوازی دەقمان بۆ دەنەخشێنێت و بە 4 پلەی جیاوازی مانادا دەمانگەیەنێتە خاڵی مەبەست، کە هەریەکەیان بە پەتکی زۆر باریك بەوەی تریەوە دەبەستێتەوەو لە کۆتایشدا هەمووشیان بە ناونیشانەکەوە، بەڵام گەر بڕینە سەرباسی دەربازبوون لە قەیرانی مرۆڤایەتی سەردەم، ئەوا دەپرسین ئەی دەبێ چارەسەر چی بێت؟ بێ دەربازبوون لەم هەموو تەنگژەیەی لە ئاکامی جۆرەو زیرەکی مرۆڤ هاتووەتە ئاراوەو ژیانی شڵۆق کردووە، هەر خۆی لە کۆتایی پرسیارێکی چاوپێکەوتنێکدا وەڵام دەداتەوەو دەڵێت:

"لە ڕێی بەهێزیی و گیان و ئاگرو جورئەتەوە لە هەندێك ڕێگاوە ئێمە دەتوانین قوربانیی خنکاوی مرۆڤایەتی رزگار بکەین، هیچ ڕووناکییەك دەرناکەوێت هەتا ئەو دەربازی نەبێت، با بجەنگێین وەك پیاوان نەك جرجەکان"
جا وەك چۆن لەم شیعرەدا باری ژیان و دنیابینی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی شاعیر وەك تۆمارێك بۆ ژیان و زەمەنەکەی خۆی وەك ئەرشیف و مۆژوو دەمێننەوە، ئاوهاش ئەو پرسیارەمان لا دروست دەبێت کە ئەو شاعیرە بەڕزانەی لای خۆشمان کە بە بێهیوایی و ڕەشبینییەکی زیاد لە پێویستەوە دەنووسن دەبێت نەناڕێنن بە دەست خەمۆکی و نیگەرانی دەڕوونییەوە؟ کە میهرەبانانە پێویستیان بە چارە بێت تاکو بگەڕێنەوە خولگەی ئاسایی و پێگەی مرۆڤایەتی خۆیان و شیعری ئەفرێنەرو نوێگەری ئاوها بنووسن، سەرساممان بکەن بە تۆن و وێنەو تەکنیك و بابەت و هونەرو زاراوەسازیی و گەمەکانی ناوی؟!

the flesh covers the bone
and they put a mind
in there and
sometimes a soul,
and the women break
vases against the walls
and the men drink too
much
and nobody finds the
one
but keep
looking
crawling in and out
of beds.
flesh covers
the bone and the
flesh searches
for more than
flesh.
**
there’s no chance
at all:
we are all trapped
by a singular
fate.
**
nobody ever finds
.the one

the city dumps fill
the junk yards fill
the mad houses fill
the hospitals fill
the graveyards fill
**
nothing else
.fills

.....

عێراق لە بەردەم هەڕەشەی گەڕانکاریدا .. شوانە حەسەن ئەبوبەکر

بە تەفسیرێکی لۆژیکیانە دەکرێت وای بناسێنین کە خەپیشاندان کارێکی سیاسی بە کەمەڵە کاتێک چەند دیاریدەیەکی نەشیاوو نامۆ بابەتکەشن بەسەر جومگەکانی تەواوی وڵاتتدا ناڕەوا گەشەستێت و ناتوانێت تا کۆتای لۆژیر ئەم بارە سەخت و دیاریدە ناشیاوانەدا بژیت .

ئەم خەپیشاندانانەی چەند هەڤڕکێ لە عێراق سەریهەڵداوە دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری دڕئەنجامی داواکاری هاوڵاتیانی عێراقە لە دەسەڵاتداران، بە بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان بەتایبەت داوای گەڕانکاری سیستەمی سیاسی لە عێراق لە 2003، عێراقیەکان هیوایەکی زۆریان لەسەر دیموکراسی و سیستەمە پەرلەمانیەکەیان هەبوو، بەڵام دوای 16 ساڵ لە حکومەانی، عێراقیەکان ئەمە هاتونەتە سەرشەقام و داوای گەڕانکاری و چاکسازی دەکەن، چەندین هەکار هەیە بە ئاوەی خەپیشاندان کارتێکی بەهێزی گەل بێت لە عێراقدا بە گەڕانکاری، چونکە لەگەڵ هەموو ئاو تێبینانەی لەسەر سیستەمە سیاسیەکەی و شێوازی حکومەانیەکەی هەیە کە تائەدیەک شیعەکان مانەپەڵەی دەسەڵاتیان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئاوەشدا لە عێراق دامەزراوە هەیە، وە دیموکراسی پەرلەمانی تەوافقی پێیەوی لیکراوە، ئەمەش وایکردووە کەم تا زۆر هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەشداربن لە حوکم، بۆیە گەڕانکاری واردە، هەلومەرجی عێراق دوای شەڕی داعش زەمینە سازی گونجاوی کردووە بۆ ئاوەی هاوڵاتیان سەرنجیان زیاتر لەسەر ئەدای حکومەانی بێت و داوای حوکمی ڕەشید بکەن، هەکارێکی تر لاوازی سەرەک وەزیران لە دەستگرتن بەدەسەڵات و مومارەسەکردنی، وەک ئاشکرایە"عادل عەبدول مەهدی" کوتلەی پەرلەمانی نیە، تا بەرگری لێبکات لە پەرلەمان، وە

شرعیەتی جەماوەری نیە چونکە لەناو گەلدا هەندێکردراوە، بەکو سەرئەنجامی هەڵبژاردنێکی سیاسیە بە دانانی وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق، کەئەمەش وایکردووە پێگەکەی هەردەم لەژێر هەڕەشەی گەندەڵکاری دابێت، بەتایبەت کە لێگەڕانی بەرژەوەندی ئەو لایەنانە یەکانگیرنەبێت، سەرەڕای کاریگەری عێراق بەوەاتانی ئیقلیمی و دەرەوە هەردەم موعارەزە بە گەندەڵکاری، چونکە دەوڵەتی عێراق لە داوی 2003 نەیتوانیوە خاوەنی سیادەی خۆی بێت، بەشێک لە دەوڵەتکان بە ئاشکرا تێداخول لە عێراق دەکەن هووە و بەرژەوەندییەکانیان ئاڕاستەی سیاسەت دەکەن لەم وڵاتە، بەوونی میلیشای زۆری چەکدار کەسەر بەگروپ و ئاخرابێ جەربەجەرەکانی شیعەن، مەترسی لەسەر دەسەڵاتی حکومەت دروستکردووە، نزیکە تەکەڵی خێپشاندانەکان ببن گەندەڵکاری دروستبەکەن، کاریگەری هەرەمی کوردستان و فشارکانی بە سەر حکومەتی ناوەند، بەتایبەت رەکەوتنی پڕۆژە بودجەی 2019 کە هەرەم پابەند نەبووە بە ئادەستکردنی نەوت، وەهەروەها ناوچە جێناکۆکەکان و هەوڵی گەندەڵکردنی پیشمەرگە و دەسەڵاتی کوردی بە ئەم ناوچانە ئەرکی عەبدول مەهدی قورس تر کردووە و نەیارە سیاسیەکانی بەهێزترکردووە، دواجار خێپشاندانەکان هەڕەنگدانەوەی گەلی عێراقە وە داواکاری ئەوانە بە گەندەڵکاری وە مافی هەواڵی هەموو کەسەکە لەهەگەی خێپشاندانەوە دواکاریەکانی بگەیەنێت و فشاربکات و مانبگرێت، پەویستە هەڵز لەخواستی گەل بگیرێت داواکاریەکانیان بەهەند وەربگیرێت و کەتای بەکوشتن و هەڕەشەو ڕاندن و تەقاندنی خەڵکی سڤیلی خێپشاندەر و چالاکونانی کەمەگەی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان بهێنرێت.

لەکەتای ئەم باسەدا دەمەوێت ئەوە بیربخەوە کە تەنیی ئەستای لاوان و خێپشاندەرانی عیراق ، هەمانتەنیی خێپشاندانەکانی هەرێکی کوردستان بوو لە ستەم و نادادی و مافیای نەوت و گەندەڵی ، بەڵام جیاوازیەکە ئەویە لە عیراق بەغدا سەنتەری تەنبونکەیەولە هەرەم هەرگیز ڕەگەی هەناسە دان بە هەولێریەکان نەدرا ، دەنا هەرەمی کوردستانیش لیپە لەنادادی ، سەیر نەکردنی دەخی خەڵك ، لەوەاندنی کەمینەیەك بە جوانکردنی سیستەمەکە و لە پەل و پە خستنی زەرینە ، ئەو جگەلەوەی ئەستا دەسەڵاتدارانی هەرەمی کوردستان ، بە دەر لەوەی خەیانباسی نزیکەی 25 ملیاردەلار قەرزاری دەکەن ، کە کەس نازانە لە پای چی ئەو هەموو قەرزە ،چارەیەکی خەیاڵی هاووەاتیانیش کەوتوەتە لایانەوە کە زەر ئەستەمە بدرێتەوە ، ئەوانیش لە کەشك و ڤەللاو شەوە سورەکانی خەیاندا هیچ ئاگایانلە دەخی هاونیشتمانیەکانیان نیە دواجار ئەگەرەکی زۆری هەیە دەرئەنجامی

بەردەوام بوونی خۆپیشاندەکانی عێراق بتەقێتەوە و پەلبهاوێتە هەرەمی کوردستان و خەڵکی بەشمەینەت تەنەی ئەو چەندین ساڵەی ژیانی دەردەسەری مەمرەو مژیەی ڕۆژانەی لە حکومەتی کوردی بکاتەوە.

شوانە حەسەن ئەبوبەکر

پووکانەوەی گەرای گومان … شیعری : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

بە ئاپەرینی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۹ی عێراق پێشکەشە

بزانن چۆن هەنگاو لەنێو گڵنەکانا دێ ئەکا
هاوار دەبە بە کوانووی دڵکی جێشدراو
چاویش بە پەنجەڕەی بیر و زەردەخەنەش بە ئاڵای بەرزی تووڕەیی
ئیتر گەرای گومان لە کۆی شیعر دانەم
کاتێ شەقام سوور دەبێت و شار دەبێتە تابلۆیەکی برسی و یاخی
کاتێ ترس جانتای سەفەر هەڵدەگرێت و
کێچ دەکا بە سنوورەکانی ئاودیو ژین
ئیتر گومان لە چیبکەم ؟
لە تیژیی نووکی شمشێری ئیمامەکان
یان لە تاقەی چەکی دەستی فریوخواردووە بچاوەکان
لە خوێندنی نزای دایکانی نێو کاڵیتە قوماویەکان
لە جەربەزەی گەنجەکان و بیم شکێنی ئاپەریووی نێو کانە بە ناسنامەکان و ژمارەکان
لە برسێتی چاڵەکۆیەک
لە تینووێتی ماسیەکی کوژراوی نێو ئووباری خەم
لە ئارەقەی ڕۆژاوی سەر نەوچەوانی کرێکارێکی سفرە چێ نا..نا ئاوەی ئەمێ شەقامەکان دەهژێنە
سەراخی نانێکی گەرم و
گیانە بەدوای ژیان و
قەڵەم کردنە قاڵی پێکەنینێکی سادەی

هەناسە و ئەخەی دڵکی شەقاری پە خوێە
ئەوەی ئەمڕۆ گە لە ستەمکار بەردەدا
ڕوحەکی پە لە شەش و پە لە بریەنی بە سوێە.

چواری تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

فەربووەنی شەوە زاری کرمانجی ژوور لە 3 بەرگدا

فەری زاراوەی کرمانجی ژوورین بەئاسانترین شەوە


ئەنستیتۆی کوردی لە ئەستەمبول بە هەوە و هیمەتی چوار بەرز: سامی تان، ڕەنایی ئونەن، سادق قارلی و مەولود ئایکەچ سە بەرگی کتێبی هینکەریان – فەرکەریان ئامادەکردووە بە فەربونی شیوەزاری کرمانجی بە ئاسانترین شەوە.....


بە خوەندنەوەی ئەو کتێبانە کلیکی بەرگەکان بکەن لە خوارەوە...

بەرگی یەکەم ...

بەرگی دووەم ...

بەرگی سێیەم ...





ناوەزایەتیەکان لەعێراقدا، بەرەو کوێ هەنگاو

دۆنێت؟ ... تاهیر حاجی حەسەن

بەگیان، بەخوێن، گیان فیداتین ئەی عێراق، دروشمێکی لە ناسیۆنالیستانەیە و لایەن خەپیشاندەرانەوە بەکار دەهێنرێت. نیشتیمان کاتێک ڕزگاری دەبێت کە کۆتای هێنرابێت بەدەسەڵاتی چینێکی چەوسێنەری قازانج پەرست. لەکەی ئەم سەرزەمینەدا، مادام چینێکی چەوسێنەر بوونی هەیە و هەزوئیرادەی چینێکی بەرهەمهێنەر بەکاردەهێنێت لەپێناو قازانج و کۆکەی سەرمایەدا، کەوایە، لەوێدا سروشتیش یان ئەو شوێنەی ناوی نیشتیمانی لێنراوە، ئەویش داگیرکراوە لایەن ئەو چینەی دەسەڵاتی بەدەستەو پارێزگاری لە مانەوەی خاوەندارێتی تایبەت دەکات.

کێشمەکێش و ململانێکان لەعێراقدا، دەرهاویشتەی کەی ململانێ چینایەتیەکانێ و لەم نەوەشدا پێگەی ئابووری و ئیستیغلال کردنی ئەو پێگەیە لەپێناو بەرژەوەندی چینێکی چەوسێنەری دەسەڵاتداردا، ئیتر لەڕەوێ پێگەی سیاسیەکایشی ناجێگیر دەبێت. نابەرچاو ونی چینەهەژار کراوەکە لەوەی لەبەرانبەر پێگەی کاردانەوەش کردنی چینایەتیاندا، ئەوا لەوەدا، دێت و بانگی ناڕازایەتیەکانی بەو جۆرە دروشمانە دەدات بەگوێی دەسەڵاتدارانداو، بە ئەوەی بزانێت، ئەو بانگدانە، دەکرێت لەسبەینێی هەر ئاوگەکیتردا دیسانەوە چینێکیتر هاوشێوەی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا بێن و جارێکیتر چینەهەژار کراوەکە بخنەوە نەو هەمان پێگەی ئێستای.

دروشمی سیاسی و واقعی و چینایەتیانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان تەنها بەدەنگ هەڵبژێنە بە هەنانەوەی ناوی سۆسیالیزم و کۆتای هێنان بەکەی سیستەمی سەرمایەداری. چونکە تەنها بەکۆتایهێنان بەم سیستەمە دەندرێت، دەتوانرێت کەی نیشتیمان و سروشت و ژینگەیش ئازادو ڕزگار بکرێن.
ناڕازایەتیەکان، بەهەمو خوێندنەوێک، ناڕازایەتیەکی چینایەتیانەیەو تاچەند ئاستی ئاگەخراوبونیەکەی بچێتەپێشەوە، بەو ئەندازەیەش، دەتوانێت پێگەی دەندانەی دەسەڵاتکەیش بلەرزێنێت. بەگومان، لەم سەردەمدا و لەغیابی بزوتنەوەی سیاسی چینایەتیانەی خودی چینی کرێکار لەجیهاندا، ئیتر وادێتە پێش چاو، کەسۆسیالیزم تەنها خەونێک بو، کۆتای پێهاتوە، یان تەنانەت ناوهێنانکەیشی کراوە بەجۆرێک لەشەرم، بەئام گەر مرۆڤ بەدیدەکی قوڵەوە لەم حاڵەتە تێبگات، باش دەزانێت، کەسۆسیالیزم، تەنها ئێتەرناتیفێکی واقعی

وزانستیانەیە دەتوانێت کۆتای بەسیستەمی چینێکی چەوسێنەر بهێنێت،خودی ئەم چینەچەوسێنەرەیش باش لەو ترسەی لەو ئۆتۆرناتیڤە تێگەیشتوە، بۆیەش،هەمیشە ئەرک و کاری ئەوەیە،کەچینەچەوساوە بەرهەمهێنەرەکە دور بخاتەوە لەو ئۆتۆرناتیڤەو هەمیشە لەگەی میدیاو ێکلام و پڕوپاگەندەی پراتیکیانەیەوە،کار لەسەر هەلومەرجێک دەکات،کەپەمان بەێت،ئەوە خۆتای سیستەمەکە نیە کێژیانی چینێک خراپەو ژیانی چینێکیتر باشە،بەڵکو خۆتا،لەجەری دەسەات یان کەسی یەکەم یان حزبەکەوەیە. ئەم پاگەندانە ەێژانە دەبیستین،بەڵام ئاخۆ لەاستیدا وایە؟ بەگومن نەخێر. ئەم جیهانە بەکە،جمەی دەت لەملمانێی چینایەتی و کەی سیستەم و دەسەاتەکانیش،بەکە،لەپارزاری و مانەوەی ئەم سیستەمە چینایەتیەدان. بەڵام تاکەی؟ بەگومان،خۆون نیە بەڵین ئەم سیستەمە دەتوانرێت کۆتای پێ بهێنرێت و سیستەمی سۆسیالیستی زانستیانە بخرێتە جێگەی. ئەویش بەرهەمی خودی پڕوپاگەی نەگونجاوی سیستەمی سەرمایەداریە. ئەم سیستەمە ناتوانێت یەکسانی بەرقەرار بکات،هەربۆیەش،ئەمە شەوە ژیانێک پراتیک دەکەین،کەشەوە ژیانی جەنگەستانیە.
هۆشیاربونەوەی سیاسی چینایەتیانە،ئەو دست کەوتە گەورەیە بۆچینی چەوساوە،کەدەتوانێت بەر دیدی ەونای بکاتەوەو کەی دیمەنەکە بۆتەری ببینێت،هۆشیار بونەوەی چینایەتیانەش،هەربۆخۆی،وەحیەک نیە لەدەرەوە بگات بۆچینی چەوساوە،بەڵکو،ەێژانە و لەو شەوە ژیانەی هەیەتی پێی ئاشنا دەبێت،بەڵام ناگاتە قۆناخێک کەتەواو بەرچاوی ەونای ببەتەوە،هەربۆیەش،حزبی پێشەوەی خۆی پێویستە.

حزبێک،کەبتوانێت،جەسورانە،پێشەوایەتی ئەو چینەکەمەایەتیە زۆرینەیە بکات،کەکەمەگە پێک دەهێنێت. لەکەی وەتانی ەێژەاتەدا،وەاتێک نابینینەوە،کەلەناوخۆیدا قوپێی تۆقینەوەی چینایەتیانەی لە نەکرێت،هەربۆیەش،لەەێی کەی دەسەات و دەوەتان و سیستەمی باوی سەرمایەداریەوە،بەردەوامی دەدەن بۆجەنگ و قۆیرانکانیان دەگوازنەوە بۆ ئەو کیشوەڕی هەشتاکە،ئاستی هۆشیاری سیاسی چینایەتی چینی کرێکار لەشوێنکدا نیە،کەبەڵین ئەمە دست دەبات بۆ شەشی کرێکاری خۆی،بەڵام هەر خودی ئەم هەلومەرجناجێگیرەی نەو ململانێو بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیە جیاوازکانی سیستەمی سەرمایەداری،هەنگاوکانی بەرەو کۆتای خۆی دەیبات. ئاستی پشکەوتن و زانست،لەجێگەیکدایە،کەمرۆقایەتی،دەخاتە بەردەم دو ئاگەڕەو،یان بەربەریزم،ئەویش بەرەودانە بەم جەنگەستانە،یان هەبژاردنی

سۆسیالیزمێ وەک ئێتێرناتیڤی واقعی و زانستی و کۆتای هێنان بەکەی ئێو پایانی تاڕستا سیستەمێ چینایەتیەکانی لەسەر بنیات نراوە.

تاهیر حاجی حەسەن07/10/2019

چەند پێینتێک بۆ پێشهاتنکانی بەردەم ڕێژئاوا ... چالاکی ئاغجەلەری

سیاسەت ئەگەر بە ڕادیکالیانە تەماشا بکرێت میتۆدێکە لە بازنەی ڕەوشتە ئینسانیەکاندا خۆی ئاراستە دەکات، ئەم دەستواژیە بە سیاسەت لە کۆبەکێ و پاوانخوازیدا تێپەڕ ناکات هەروەها وەک ڕەهەندێ تیۆریکی و نموونەی داشتنکی جوان لە دووتوێی کتێبەکاندا دەمێنتێوە.
ئەم کورتە بابەتیە وەک نموونەیوک دەهێنمەوە بۆ ئەم ڕاستیەی ئەمڕۆ لە ژیانی سیاسی و بەرژەوەندیەکاندا جوڵەی پێدەکرێت.

دووهەز یەکێکیان ئەمریکایە بە هەموو تواناکانی بەرژەوەندیە باڵاکانی باڵادەستی هەزی لە کۆی کونجەکانی ژیانی سیاسی و ئابوریەوە بە مەبەستێ ، هەڕەک نیە بە سور نەخشێنرابێت لە پێوەند بە وەستان و ڕامانی بەرامبەر کۆی نابەرابەریەکانی مرۆڤایەتی کە لە دونیای دەروێیدا دەگوزەرێت ، هاوکات خۆشی بەشداری سەرکی تێواوی ئاڕەزیەکانێ.
لە بەرامبەردا تورکیا و مژووکی ئێو ڕاستیەی سڵماندوە تاوکو چەند پشتیوانی ناجێگیری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینێ، ئەمە بەجیا لەو کۆشێ زهنیەی ئاوودەی تەوانی بووە لە پێوەند بە پرسی ئازادی بە گشتی بە تایبەت بەرامبەر بە خواستی کورد.

ئەگەر ئەم دوو بە چوونێ سەرپێیەی ئامژەم پێکرد بەشکە لە ناسینی ئەم دووهەزە ، کەواتە حاڵەتی ئەمڕۆ لە بە جەهێشتنی ئەمریکا و مانەوەی ڕۆژئاوا بەتنها دەبەت بە ئاسایی وەربگیرێت، دیارە ئەم ئاسایی بوونێ حاڵەتێکە دەکرێت هەر

لەسەرتاوە هێزەکانی ڕۆژئاوا ئەم خەماندنەیان پێش چاو بوایە کە دەنیام کاریان لەسەری کردوە.
ئەم هەوڵە بە ئامانج گرتن و کەمکردنەوەی تا ئاستی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لە لایەن تورکیاوە بە هاوکاری هێزە گەورەکان (ئەمریکا و ڕووسیا) ، هەرچەندەک ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی تورکیا بە ئەمریکا و ڕووسیا چەندە باڵا بێت لە کۆتاییدا هەڵکەکان بە تەنها ناکرێتە سبەتەی تورکیاوە ئەمش بە پشت بەستن بە ئەو دەلاقانەی سیاسەت و ئەنجام گیریەکانی.

لەم چاوگەوە دەکرێت ڕۆژئاوا دەست بەرێت بە پلان (B) بە هەرچی دەرچوونی بە کەمترین زیان ، دیارە ڕۆگە چارە بە ئەم ڕەدە سیاسیە و کە پەلدەکێشێت بە فشاری عەسکەریش دەستبردن بە ئاشتەوایی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندا(سوریا) بە جیا لەم بژاردەیە بەرنگار بوونەوە قوربانیدانە ، لە کاتێکدا من پشتیوانی شەڕێک ناکەم ئەو ناوچەیە بکات بە سوتماک وەک بیر هەنانەوەیەک عەفرین نموونەیەکی زیندوە.

کارەکی تر بە هەرچی خۆپارستن لە تووڕەیی وخواستی پڵامارەدنی ئەردۆغان بە سەر ڕۆژئاوا دەستبردنە بۆ ئەو هاوسەزییەی جیهان بەرامبەر بە داعش کردیان و تێکۆشان، وەکو خاڵێکی پۆزەتیف لە پەیوەند بە بگرەخستنی شەقامی نیودەوڵەتی و حکومەتکانیان بە ڕاگەکرتن لە خواستە شەڕانگێزیەکەی تورکیا بەرامبەر ڕۆژئاوا ، بەتایبەتی یەکێتی ئەوروپا توانای وەستانی ئەم جەبهووتیەی تورکیا هەیە، ووڵاتی فەرەنسا یەکێکە لەو هێزەی دەستی بەهانا چوونی لەمەڕ پرسی سوریا بگشتی و ڕۆژئاوا دیارە ،پێویستە کاری لەسەر بکرێت.

دوا پێنتیش بە ئەم پرسە هەوەستی پێکەیە ئەرکە لەسەریان زەر بە هوشیاریەوە بخود بەم پرسە بکەن لە حاڵی ئەستادا چونکە هەر جوڵەیەکی سیاسی یان عەسکەری خواستی شەڕانگێزی گەرمتر دەکات بیانووی بەردەست دەهێنێتەوە بە ئەردگان لە بە ئەنجام گەیاندی خواستەکەی ئەویش بە لەباربردنی ئەو حکومەتە خۆجێیەی لە ڕۆژئاوا خەی دەبینێتەوە کە هەموو مرۆڤکی ئازادیخواز بە گشتی کوردکان شانازی بە پشکەوتن و سەرکەوتنەوەکانیان دەکەن.

چالاک ئاغجەلەری

بزربوونی گوتاری عیشق لە شیعری (زمانی باڵندەم دەزانی)دا … لەتیف بەوار

1- پێش دەستپێك:

هەركاتێك ئەگەر خوێنەرێك بە عاتیفە بیربكاتەوە نەك بە ئاوەز ئەوا حاڵی بەرەو وەرانە دەچێت بەرەو بەیاری نالەژیكیی، بەڵێ لەباری شێعردا هەموو پێكهاتەكانی هەست و سۆزو هزرو گیان هەندێكجار زمانێك پێكدێنن كە راڤەكردن و دەربڕینی ماناكانی ئاستەم بێت. رەنگە هەیەكی دروستبوونی ئەم زەمینە سیاسییە شلاق و نادادپەروەرەی ئێستا هەر ئەوە بێت و بەرەنجام هەموو بەهایەكی تیادا شكێندراوە بە خودی دێ و سۆزی مەردومەكانیشەوە، ئەمە زەرجاران بە چاو بیر دەكەینەوە، كاتێكیش باسی (شێخ) دێتە پێش زەربەی رەگەزی نێر قەڵەمی ئەژنۆی ئەشكێت و رەنگی رەشی لێ دەبێت بە سپی و سپیش بە رەش، لە لایەكی تر وێنەی یەكەمی ئەو كەسە تا دوا هەناسە لە مێشكماندا ناگاڕێت، بێ نموونە كەسێك لە قۆناغێكدا شیعری جوانی نووسیبێت ئیتر هەر ئەو پێوەرە دەمانباتە سەر زەوقی گۆڕتنمان لە شیعری ئێستای ئەو شاعیرە، بێ ئەوەی بپرسین ئایا ئەو شاعیرە لە شێعری داهێنەرانە چووەتەوە یان نا؟ ئایا هەوڵستێك یان بەرنامەیەك و گوتەیەكی بۆرانە لە بابەتێكدا بێ ساتێكی دیاریكراوی كەمەگای كوردی چ پەیوەندییەكی هەیە بە دەقێكی لاوازەوە كە دوای لێچوونەوە لە هەموو شتێك بەرهەم هاتووە؟ تاكو بیەكینە سەنگی مەحەك؟

هەر بێ نموونەی راستی ئەم قسەیە ئەوە بنواڵن چۆن لە پاشكۆیەكی وەك (ئەدەب و هونەر) ی هەموو ژمارەیەكدا رەسمێكی گەورەی خانمێك و بابەت یان چاوپێكەوتنێك لەبارەیەوە لە یەكەم لاپەڕەیدا دادەنرێت و دوا لاپەڕەش هەر بێ خەمانە، ئێ باشە ئەمە مافێكی رەوا نییە بێ كەسەكە؟ لە كاتێكدا مەسئولە دزەكان لە تەو وشك دەخۆن و دەدزن و تەخشان وپەخشان دەكەن، ئەویش دەڵێت جا چییە با منیش وا بكەم، كەمێك بە كامی دێ بیاربدەم و هەناسە بدەم و وەڵامی غەریزەكانم بدەمەوە كە كەمەگاو حیزب لە دەیان ساڵی رابردووەوە ئاوهایان لێكردووم، چیمداوە لە بڕاوكردنەوەی بابەتی پیاوە بزەكان، خۆشتەكانی تر لە ژێر كۆنترۆڵی منداڵ نەبێت ئەوا ئەم چەند لاپەڕەیە

بەدەست خەمەو هیچ ئاغایەکم بەسەرەوە نییە.

2-وەستانێك لەسەر شرۆڤەکەی سەعید سەدیق رەواندوزی:

هاوڕێی شرۆڤەکار (سەدیق سەعید رەواندوزی) لە نووسینێکدا جوان ڕچووە بەسەر شرۆڤەکردنی دیوانی ئەم دواییەی خانمی شاعیر(کەژاڵ ئەحمەد)داو زیاتر لە رووی واتاو دنیابینیی لە شێعرەکانەوە باسەکەی تاوتوێ کردووە، منیش هاوڕای ئەوم بەڕام لەرەدا من دەمەوێت لە رووی پێگەی شیعرییەوە تیشك بخەمە سەر ئەو شیعرەی کە ناونیشانی کتێبەکەشی هەڵگرتووە، منیش لەگەڵ کاک سەدیقدا دەڵێم: بەڕێ ئەو 10 ساڵ پێشتر زمانی باڵندە نا، بەڵکو زمانی شیعری دەزانی بەڕام بیری چووەوە، کە بە پێچەوانەی شیعرە کێنەکانی شاعیرەوە نەك یەك لایەنی شێعرییەتی تێدا رەچاونەکراوە بەڵکو گوتارێکی سادەو زۆر زمانێکی سەرپێیی تێدا بەکارهاتووە و هیچ لێکدانەوەیەکی تر لە پشت دالەکانی دەقەوە نییە جگە لەو مانا راستەوخێیەی شاعیر لەم شیعرەدا کە(غەریبی شوێن دەکات)، کەواتە نامێ بوونەکە نابەرجەستە نییە، یان فیکریی نییە، ئەگەر جاران وێنە شیعرەکانی تازە بوون و بابەتەکان جیاوازو پێ جورئەت و سەرنجڕاکێش بوون (لەمەڕ فیمێنیستی و کێشەکانی ئافرەتان و مافەکانیان)، بەڕام شاعیر نەوەی زەمەنەکەی خۆیەتی و ئێستا بابەتی گەرمی شێعر شتێیەکی تردووە و لەرەدا زمان نزیك دەبێتەوە لە زمانی بەکارهێنانی رۆژانە، بێ نموونە شاعیر لەوڕ بیری خزم و کەسوکار دەکات و راستەوخێ دەڵێت:

.....
لەم وڵاتە
بچکۆلانە، کاسبەدا
کە نازانێ دانیشتن و
سەیران و
تەمبەڵی چییە،
خزمم نییە..
.....

3-ناشێعریبوونی زمان لەم دەقەدا:

جارێکی تر بە زمانێکی ناشیعریی؛ بابەتی سیاسی تێکەڵی دەق دەبێت و تیایدا بەهای ئیستاتیکاو رەوانبێژی دەق بە هێند ناگیرێت و لایەن و دۆخی گشتی کارەساتەکەی شاعیرو پەشیمانی ئەو وای لێدەکات ئاوڕ لەو لایەنانە نەداتەوە، هەرواش بە دۆخشکردنی خودو دۆنەوایی کردنی خود بە گەڵانەوە بێ مۆژووی سیاسی و خەباتی شۆخ مەحموود دەیهەوێت ئەو

کەڵنە گیانییە پێ بکاتەوە کە بەهێی جیاوازیی و کەڵنی شونەوە توشی هاتووەو بۆیە شیعرەکەش نزیک دەبێتەوە لە دووانەن لەگەڵ کەسێکی ئاستنزمی وەك منداڵداو تەنانەت فۆمی شیعرەکەش سیمای شیعری مۆردمنداڵان لە خۆ دەگرێت و دەڵێت:

.....

وڵاتی منیش مەلیکی هەبوو
خۆ ئەگەر چی
ئەو بێ تاج بوو
بێ دەولەت بوو
بەلام مەلیکی کوردستانی ناو بوو
ئەو شێخ مەحمەدی حەفید بوو

.....

4-پاساوی هەڵە یان سوودوەرگرتن لێی:

مرۆڤ زۆر زاڵم و لەهەمان کاتیشدا زۆر لاوازیشە، هەمیشە بیانوویەك دەهێنینەوە بۆ هەڵەکانی خۆمان و پێشتریش ڕانەچوون بە بیارە سەرپێیە ڕووکەشەکانماندا وامان لێدەکات پەشیمانییەکانیش بە ئازایەتی لە قەڵەم بدەین، لێرەدا بێ تێگەشتن و ڕاچوون بە قوڵایی دەقدا خوێنەر پێویستی بە خۆ ماندووکردن نییەو خێی لەبەردەم هیچ پرسیارێکی دەسەوسانکارو تییمای تازەو دیوی شاراوەی دەق دا نابینێتەوە تا بڵێت ئەمە هەوڵێکی جیاوازی شاعیرەو توانیویەتی برەو بە شێوازو جیاکاریەکانی شێعری خێی بدات لە ئێستادا ، ئەو ڕاستەوخۆ دەریدەبڕیت و دەیڵێت کە:

بیری شێخی چۆلی، ئەوەنی خانەقین، چاڤی لاند، چای خەوزی بەحرەکەی چوارقورنە و ڕێواسی قەندیل، پارکی ئازادی، باباگورگور، گۆکەند، سەرچنار، هەناری هەڵەبجەو ... دەکات و ڕانەهاتنی لە گەڵ دێخی تازەدا وای لێدەکات هیچ فۆر نەبێت لە یاساو دابونەرێت و هەڵەکانی گەشانەوە لە کۆمەڵگایەکی نوێدا کە بەراورد بە پایەی ئیداریی و دێخی سیاسی کۆمەڵگای کوردی زیاتر یاسای تیا جێگیرەو دەوڵەتکە دانپیانراو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەو دەڵێت:

.....

لەم وڵاتە ترش و تاڵ و مانەدا.
درەختی غەریبی هەر غەریبی دەگرێت.

.....

ئەمە ئەگەر هەر شتێک دەربخات ئەوەمان پێ دەڵێت کە چەندێك ڕۆزو ئاسوودەیی و مافەکان لە کلتووری یەکەمدا بۆ هاوڵاتیەکانی

فەراهەم هاتبوون، کەچی گەر سەرنج لە دەقە کۆنەکانی شاعیر بدەین دەبینین بە پێچەوانەوە ئەو دەیەوێت هەبەت لەو ناڕاییانەی گوشاری دەرووبی ئادەمیزاد لەو ژینگەیەدا زیاتر دەکەن و دووڕوویی و درۆکردنی کەسەکان وایان لێدەکات نەفرەت لە ئینسان و نیشتیمانپەروەریش بکات، ئەمەیە ئاکامی پەلەکردن و بێیاری هەڵە:
لە شیعری (بەرد باشترە) ئاوها دێتە دووان:

.....

ئەمەوێ بەعەشق بڕۆم خودا حافیز
بەرد باشترێکە لەمرۆڤ

.....

هەروەها لە جێیەکی تریشدا دەڵێت:

.....

من دەبێ خۆم بسمیل بکەم
ئاوی دەریاکان دەڕژم بەسەر خۆما و
دەڕۆم خوایە
وسڵی نیشتمانپەروەرییم دەردەکەم!

.....

5- بزربوونی گوتاری عیشق:

گەر سەرنج بدەین بۆ نموونە لە شێعرە کۆنەکانی شاعیر واتا پێش ئەو 10 ساڵەی غوربەت دەبینین بابەتی عیشق بەشی شێری بەردەکەوێت، هەر بۆ نموونە وەك لە شیعری (وەکو بەرسیلە عاشقم)دا دەڵێت:
چەند عاشقم...
هەر ئەڵێی پرچی کچێکم
کە تەوبێ، هەمیشە ئاوی لێ بتکێ و
هەرگیز وشک نەبێتەوە.....
بەخوا کۆنە تەمەنی ئەوینم و
تازەیە دێداریم
هەمیشە تازەیە
ئەوەتا من، بەهەزاران هەزار جار لەناو بینینتا
مردووم و
کەچی هەردەم وائەزانم یەکەمجارە ئەتبینم!
چەندە شەیدام...
کەچی دەبینین لە شیعری (زمانی باڵندەم دەزانی)دا هیچ ئاماژەو سیمبۆڵك نییە بۆ عیشقی دوو دڵ، کە بە ئارامی گەشتبێتنە یەك و بۆ یەکتر بسووتێن، بەڵکو ئەم عیشقە گۆڕاوە بۆ نیشتیمان و ئاوو دارو

بەردی کێوەکانی، دەبێت ئەم هەڵگەڕانەوە سەیرە لە ئاکامی چییەوە قەناعەتەکانی شاعیری گۆڕیبێت؟
کاتێك خولیاو حەزەکانی شاعیر لە کەمەڵگای نوێ و شێوەی ژیانی کەمەڵایەتی نوێدا دەکەوێتە ژێر خواستی کەسانی ترو دابونەرێتێکی جیاوازو دژخۆکی تیرەوە کە شاعیر تیایدا هێند هەست بەلاوازیی خۆی بکات، ئەوا زوو بێت یان درەنگ ڕۆگای پەشیمانی هەڵدەبژێرێت و وەکو نەوەی سەردەمەکەی خۆی هەموو ئەزموونەکانی پێشووی خۆی و هەکارەکانی بیاردانی هەڵبژاردنی وەاتی نوێ لە یاد دەکات و سەر ئەوەی ناپەرژێت بیر لە هونەرکاریی و ئیستاتیکای دەق بکاتەوە جگە لە گەیاندنی گوتاری نائارامیی و تەنیایی و نامۆیی خۆی، ئاوها درێژە بە گۆڕانەوەی مەراقەکانی دەدات و پەردەی شکست بەسەر دوا دیمەنی ژیانی ئەوێی دا دەداتەوە:

لەم وەاتە دەست بەخورما و
قاوەیەدا،
هەر خوێندنەوە و
نووسینەوەی مەراق نەبێ!
شەوێك نییە،
بەچەپکێ خەیاڵی سەوزی
کوژراوەوە
سەرنەکەمە سەر سەرین!
ناتوانم دژخۆشبم
لەم خەونە کابوسەدا!!
نەخێر.. ناتوانم ڕۆگایەك بدۆزمەوە
لەم شەوە ڕووناکە کوێرەدا!!

6-دوا ئاماژە:

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئاماژە بەو چاوپێکەوتنە ڕاشکاوەی شاعیر بکەم لە ڕۆژنامەی (ڕۆژان) کە چەند بابەتێکی گرنگ زەق دەکاتەوەو تیشك دەخاتە سەر هەندێك لە ڕاستییەکان ئەگەر تاڕیش بن و لە بەرژەوەندی خۆشی نەبن، بۆ نموونە تیایدا بە زمانی فەرمان دەڵێت: (شاعیر ئەبێ سێیری دڵی خوێنەرەکانی بکا و لێ خۆی بپرسێ ئایا شێعرەکەم گۆییشتووە؟ کێ نۆگۆییشتووە خواحافیز، واز ئێهێنم لێم بوارێ، نێ خەم هیلاك ئەکەم و نێ گوێگرەکانم).
هەروەها ئەو ڕاست دەکات کە لە جێگایەکی تری هەمان چاوپێکەوتندا سەبارەت هەی ئاوێدانەوەیەکی باشی خوێنەران لە شیعرەکانی پێشووی دەڵێت:

(من هەمیشە لە خەم ئەپرسم ئەوانەی کە شەعری منیان وەرگێڕاوە و لە شەعرم گوە ئەگرن بە دوای چیا ئەگەڕێن؟ خە شاعیری لە من باشتر زۆر هەیە. لام وایە کە ئەوان بە دوای هەستی ژنانە ئەگەڕێن ئەگینا شاعیری زۆر ناسک خەیاڵتر و باشترمان زۆرە).

لەتیف بەوار

دیدار لەگەڵ نووسەری منداڵان مامۆستا عەلی حەمەشید بەرزنجی … دیدارساز: ڕزا شوان

مامۆستا عەلی حەمەشید، نووسەرێکی بە توانا و ناسراوی نووسین هەمەڕنگەیە، لە بواری لقکانی ئەدەبی منداڵانی کورد دا، هەنراوەنووس و چیرۆکنووس و ئەپەرەت نووسێکی شارەزایە.. تا ئێستا چەندین هەنراوە و چیرۆک و ئەپەرەتی بە منداڵانی کوردمان نووسیوە و لە پەرتووکی چاپکراو و لە گۆڤارەکانی منداڵان دا بڵاوی کردوونەتەوە. مامۆستا عەلی حەمەشید وەکوو مامۆستایەک و سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی، تێکەڵ بە جیهانی وەنەوشەیی سەیر و سەمەرەی منداڵانی کوردمان بووە، لە نزیکەوە لە هیوا و لە خواست و لە خەونە سەوزەکانیان و لە راز و نیازی پاکی منداڵانی دڵپاک و بێتاوانی کورد تێگەیشتووە و شارەزای لە فەرهەنگی زمانیان بووە.. بیرۆکەی نووسینەکانی نامە نین و لە ژیان و ژینگەی منداڵانی کوردەوە ئیلهامی بە هاتوون و کردوونی بە هەوێنی بابەتەکانی نووسینەکانی و بە زمانێکی شیرین و ئاسان و ڕەوان و پێتی کوردی لە چوارچێوەی هەنراوەی شیرین و چیرۆکی جوان و ئەپەرەتی خڕشدا بە شیوازێکی ناسک و ستایلێکی سەردەمیانە بۆی داڕشتوون.. توانیوێتی خۆی لە دڵی منداڵانی کورد دا شیرین و خۆشەویست بکات.. کۆشی هەنراوەکانی خەمڵی کوردین (بۆگۆیین) و

سەروای هونراوەکانی سووک و ئاسانن و ڕەوانن، دەڕۆکانی کورتن.. بە ئاسانی منداڵان چێژیان لەوەردەگرن و لەبەریان دەکەن و بەشکی زۆری هونراوکانی ئاوازیان بە داناون و کراون بە سروود و گۆرانی و بە دەنگی منداڵانی کورد تەمارکراون لە هەندێ لە کۆنەتەلەفزیۆنییەکاندا، لە ماوەی منداڵاندا پشکش دەکرێن.. مامۆستا عەلی حەمەشید نووسەرێکی هۆشیار و داهێنەر و باش لەوە تێگەیشتووە، کە منداڵانی ئەمڕۆمان، نەوەی شۆشی تەکنەلۆژیا و داهێنانی سەیر و سەمەرەن.. نەوەی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ و ئینتەرنێت و ئایپادن. پێویستە ئەدەبی منداڵانیش بەپێی خواست و هیوا و حەز و خوێندکانی منداڵانی ئەم سەردەمە بێت و هانیان بدات بۆ دەزینەوە و داهێنان.
لەم دیدارەدا لەگەڵ مامۆستا عەلی حەمەشید، دەربارەی ئەمڕۆ و داهاتووی ئەدەبی منداڵانی کورد و خوێناساندنی بە خوێنەرانی ئەم بوارە، چەند پرسیارێکمان لە مامۆستا عەلی کرد. بە پێخۆشحاڵی و ڕاشکاوییەوە، وەاڵمی پرسیارەکانی داینەوە.. ئەمەش دەقی پرسیارەکانی ئێمە و وەاڵمەکانی مامۆستا عەلی حەمەشیدە.

پرسیار: مامۆستا عەلی هەرچەندە بەهەزتان نووسەرێکی ناسرای بواری ئەدەبی منداڵانن.. بە لای خوێنەرانی ئەم بوارەوە ناسراون.. حەزدەکەین زیاتر خۆتان بە خوێنەران بناسن.

وەاڵم: ناوم(عەلی حەمەشید بەرزنجی) یە لە ساڵی ١٩٦١ دا لە شارۆچکەی بەرزنجە لە دایک بووم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە بەرزنجە و لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨٣ بووم بە مامۆستا و لە گوندی مەریاس لە ـ سنوری شارۆچکەی بەرزنجە دامەزرام.. دواتر گواستراموە بە بەرزنجە. چەند ساڵێکیش لە ئەردوگای باریکە و لە قوتابخانەی (برایەتی) مامۆستا بووم. پاشان گوازرامەوە بە قوتابخانەی (ئاری) لە سلێمانی کە ماوەی ١٦ ساڵ لەوێ مامۆستا بووم، وانەی بیرکاریم دەوتەوە. هەرچەندە پسپۆڕیی گشتی بووم. لەو ماوەیەدا کە لە قوتابخانەی (ئاری) بووم کە لە ئێستادا ناوکەی کراوە بە قوتابخانەی (ئیبراهیم پاشا) بە هاوکاری بەڕێوەبەر و یاریدەدەران و مامۆستیانی قوتابخانەکە (٧) ژمارەمان لە گۆڤارێک دەرکرد کە ساڵانە بوو، بە ناوی(گۆڤاری ئاری) و بە بڕامبەر دابەشمان دەکرد بەسەر پەروەردەکانی دەورو بەر و قوتابخانەکانی ناو شاری سلێمانی دا.

کە زیاتر ئەرکەکان لەسەر شانی من بوون و یەکێک لەو کارانەی کە شانازییان پێوە دەکەم. دوو ساڵ سەرپەرشتیار بووم، هەر هاوکاریان بووم. کەمێک بابەتی پەروەردەیی و زانستی و کۆمەڵایەتی تێدابوو، لە گەڵ مامۆستووی دروسبوونی قوتابخانەکە و چالاکیەکانی. لە ساڵی ٢٠١١ دا، بڕیاری تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیاریم کرد و پلەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی/ بیرکاریم وەرگرت و نزیکەی ٨ ساڵ لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سیدەسادق سەرپەرشتیاری بیرکاری بووم کە لەو ماوەیدا لەگەڵ ناسینی کەمێک هاوڕێی نوێ لەو سنوردا، توانیم خزمەت بە بواری پەروەردە بکەم و ببمە هۆی دابینکردنی پەرتوک و ناميلکە و گۆڤاری تایبەتی منداڵان، بە سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییەکان و باخچەکانی منداڵانی سنورەکە و دەوروبەندکردنی پەرتوکخانەی قوتابخانەکان .هەروەها لەگەڵ چەند سەرپەرشتیارێکی هاوڕێم بەهاوکاری بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەرێتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی سلێمانی، توانیمان گۆڤاری(ئاراستەی پەروەردەیی) دەربکەین کە گۆڤارێکی وەرزییە و (٦) ژمارەی لێدەرچووە و بەردەوامە.. ئەمساڵ ٢٠١٩ گوازرامەوە بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی تاژەڵات / یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی/ تاژەڵات، کەتا کارم لە سیدەسادق پەرتوکێک بوو بە ناوی(چنار و هەمن) کە پەرتوکخانەی بەخود بڵیان چاپکردم زێر سوپاسیان دەکەم، بەبەرامبەر بەسەر سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنوری سیدەسادق دا دابەشکرا، هەروەها لە سەرەتای دەست بەکاربوونیشم لە یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی/ تاژەڵات، سلێمانی، پەرتوکێکی ترم لەسەر ئەرکی خەم چاپکرد بەناوی(ئاوازی شادی) کە بریتی بوو، لە ئەپەرەت و هەنراوەی تایبەت بە منداڵانی باخچەی منداڵان و لایەن بەشی پڕۆگرامکان لە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی یەوە گەیشتە سەرجەم باخچەکانی منداڵانی سنوری بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کە زێر سوپاسیان دەکەم.

هەر گۆڤارێک لە هەرشوێنکی کوردستان دەرچوو بێت و دەربچێت هەوەمداوە کە بابەتیان بە بنەرم و لەوە باو ببەستەوە. لەم گۆڤارە تایبەتانەی منداڵان دا هەنراوە و چیرۆکم بە منداڵان بەاوکردەتەوە (پەپولە، جگەرگۆشکان، گوڵکان، خەندە، جۆلانە، حاجیلە، کۆلارە، کەناری، تەم وجیری، منداڵی سەردەم، سەرە، کانی،سۆزە، ماڵی سەرە، بەرات، پێنوسکەم، بەرخەکەم، هیوای تۆ، نایە، زەنگ و بانگ، گەران، شەماڵ)

هەروەها لە زەربەی ماپەڕە ئەلکترۆنییەکانیشدا، بابەتەکانم بڵاودەکەموە.

پرسیار: لە کێشەو هەگبەی جیهانی ئەدەبی منداڵان بووین؟

وەڵام: هەر لە منداڵییەوە کە لە پەلی شەشەمی بنەڕەتی بووم خولیای خوێندنەوە و نوسین بووم کە ئەو کاتە بڕا گەورەکەم کەمێک پەرتوکی باشی هەبوو لەگەڵ دیوانی زەربەی شاعیران و ئەو وەرگێڕانەی ئەو کاتە دەردەچوون، من لەگەڵ پەرتوکخانەی قوتابخانەی هەوڵم دەدا کە ئەوانیش بخوێنمەوە، حەزیشم بە شانۆیی دەکرد و بەشداریم دەکرد وەک ئەکتەر لە پەلی حەوت و هەشتی بنەڕەتی دا ، بەڵام زیاتر حەزم بە نوسینی هونراوە دەکرد، کە ئەمش هاوڕێنزیکەکانم دەیانزانی.
دوای بنەڕەتی چوونە هاوینێکەم لە خوێندن دا، بە هەی نوسینەوە ناسیوە و تا ئێستاش پەیوەندیمان هەیە و ئەوانیش لە بوارەکەی خەیاندا کەسانی دیارن ،وەک هاوڕێی هونەرمەند (بەختیار بەمۆ) و هاوڕێی هونەرمەند (ئازاد سەوز) ، بەڵام کە بووم بە مامۆستا و یەکەم دامەزراندنیشم لە گوندی(مەریاس) بوو لە سنوری بەرزنجە کاتێک لەگەڵ قوتابییەکاندا دەدوام و وانەم پێدەوتن، هەستم کرد کە بەشاییەک هەیە و منداڵان تینووی هونراوە و چیرۆکی تایبەت بە خەیانن و منیش دەتوانم بەشداربم لە پێکردنەوەی ئەو بەشاییەدا، بۆیە لەوەوە و لە ساڵی ١٩٨٤ وە، وردە وردە دەستم کرد بە نوسین و بە قوتابییەکانم دەخوێندەوە و مامۆستایانی هاوڕێشم هاندەرم بوون، ئیتر بەردەوام بووم و چونکە بەهرەی نوسینم هەبوو، ئیتر ئەو کاتە یەکەم هەنراوەم لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا بڵاو کردەوە، کە لە کۆتا لاپەڕەیدا چیرۆک و هەنراوەی بە منداڵان بڵاودەکردەوە، ئیتر بەردەوام هەنراوەم دەنارد و بۆیان بڵاو دەکردەوە لە ساڵی ١٩٨٥ دا، ئیتر بەتەواوی هەگبەی ئەدەبی منداڵان بووم و لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بەبەردەوامی بە ئەو جیهانە جوان و پاک و شیرینە دەنووسم و شانازیشی پێوە دەکەم.. هیوادارم کە خزمەتێکی بچوکم بە ئەدەبی منداڵانی کورد کردبێت.

پرسیار: ناوی ئەو پەرتوکانەی تا ئەمڕۆ بە منداڵانی کورد لە بواری چیرۆک و هەنراوە و ئەپەرێتدا چاپتان کردوون .. ناوەکانیان چین؟

وەڵام: بەخۆشحاڵییەوە تا ئێستا ئەم بەرهەمانەم پێشکەش بە دنیای

□□نگا□□یی و جـوانی منداڵان کـردووە.

١ـ سـرودی کوردسـتان...هـەنـراوە... سـاڵی ٢٠٠٩.
٢ـ □ازی قوتابیی□کی زیـر□ک... چیر□ک و هـەنـراوە... سـاڵی ٢٠٠٩.
٣ـ دیـاریی... هـەنـراوە... سـاڵی ٢٠١٠.
٤ـ بولبولـ□کی زیـر□ک... چیـر□ک.. وەرگ□□ان لە عەرەبییەوە ٥ـ فـەف□□ک... هـەنـراوە... سـاڵی ١٩٩٥.
٦ـ خـەندەی ئـاوات... هـەنـراوە... سـاڵی ١٩٩٨.
٧ـ ئـافـەرین... هـەنـراوە... سـاڵی ٢٠٠٠. کە ٣جـار چـاپکـراوەتـەوە
٨ـ دیـاری و سـەردان... چیـر□ک... سـاڵی ٢٠٠٤ کە ٣ جار چاپکـراوەتـەوە.
٩. کە□قـیـن و هاو□□کـانی... هـەنـراوە ... سـاڵی ٢٠٠٨. دوو جـار چاپکراوەتـەوە
١٠ـ جـۆژن... هـەنـراوە... سـاڵی ٢٠٠٩.
بـەدەستکاریییەوە.. ٢٠١٢ کە ٢ جـار چاپکـراوەتـەوە.
١١ـ مامـۆستای کوردی... چیـر□ک و هـەنـراوە... سـاڵی ٢٠١٠.
١٢ـ بوک□کـم بـە کوردی گـەرانی د□□ت... چیـر□ک... سـاڵی ٢٠١٣.
١٣ـ گـەشتـ□کی گـو□□... چیـر□ک... سـاڵی ٢٠١٣.
١٤ـ ئـەسپ و فـیل... چیـر□ک... سـاڵی ٢٠١٣.
١٥ـ یـاریی بیرکـاری... چیر□ک وهـەنـراوە... سـاڵی ٢٠١٣.
١٦ـ منـداڵ و فـیلم کـارتـۆن... شانـۆیی و ئـۆپـەرێت... سـاڵی ٢٠١٣.
١٧ـ چنار و هـەمن.. ئـۆپـەرێت و هـۆنراوە بـۆ منداڵان ... سـاڵی.. ٢٠١٩
١٨ـ ئـاوازی شـادی.. ئـۆپـەرێـت و هـۆنـراوە بـۆ منـداڵانی باخچـەی منداڵان ٢.١٩
١٩ـ مریشکـۆ کونج. بـۆ (PDF) کراوە کە چیـر□ک و هـۆنراوەیـە. سـاڵی ٢٠١٧
٢٠ـ جـۆلانـە... هـەنـراوە... سـاڵی ٢٠١٩. چاپـ□کـەنی مانگ لـە شاری بانـە بـەیان کـردووم.
چـەند بـەرهـەمـ□کی تریشم ئامادەن و لـە دەرگـەی چاو□□وانی چاپدان !

پرسیار: لـە ئـەستادا ئـەدەبی منداڵانی کورد، لـە چ ئاستـ□کـدا بـەدی دەکـەن؟ ئایا پـێتان وایـە، کە لـە ئاسـتی هـیوا و خـەون و حـەز و خواستـ□کـانی منـداڵانی کـورد دایـە؟

وەڵام: ئـەدەبی منداڵانی کورد وەکو ئـەدەبی منداڵانی وڵاتانی دراوسـێ خـۆشبـەختانە هـۆنگـاوی باشی نـاوە و، کـەمـ□ـ□ک شاعـیر و نووسـەری دەسـەز و خـەمخـۆر بـە ئـەدەبی منـداڵان کـار بـۆ ئـەو دنیا جـوانەی منـداڵان دەکـەن، بـە هـەمـوو توانـایـ□کـەوە هـەوڵـی خـۆیان خسـتـۆتـە گـەڕ و بـەردەوامن لـە خـزمـەتکردنـدا.

هەرچەندە تا ئێستا نوسەری یان شاعیرمان نییە کە بەتایبەتی هەر بۆ منداڵان بنوسێت و خۆی بۆ ئەو بوارە تەرخان کردبێت، بەڵام لە ئاستی تەواوی خواست و هێیوا و خەون و حەزەکانی منداڵانی کورددا نین، کە ئەمەش بۆ کەمێک هۆکار دەگەڕێتەوە، کە ئەوانیش کەمی تیراژی ئەو پەرتووک و نامیلکانەیە کە بۆ منداڵانی کورد چاپ و بڵاودەکرێنەوە، کە بەگشتی لە (٥٠٠) دانە تێپەڕ ناکات، نەبوونی مەرجی پەرتووکی منداڵان لەو چاپکراوانەدا، وەک ڕەنگاوەڕەنگی، لەمماعی، وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و گونجاو، نەشارەزایی هەندێک لەوانەی کە بۆ منداڵان دەنووسن بۆ تایبەتی بواری سایکۆلۆژی منداڵ، کاریگەری بواری ئابووری خەزان و ڕەشنبیری خەزان دەربارەی خوێندنەوەو سود و گرنگی خوێندنەوەی منداڵان.

پرسیار: بەڕێزتان وەکو مامۆستایەک و سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی، تا چ ڕادەیەک ئەدەبی منداڵان کارتێکردنی لەسەر پەروەردە و بنیاتنانی کەسایەتی دروست و لە ئایندەی منداڵان هەیە؟

وەڵام: ئەم بمانەوێ و نمانەوێ، ئەدەبی منداڵان کاریگەری باشی هەیە و هەبووە لەسەر پەروەردەی منداڵ، لەسەر ڕەشنبیر کردنی منداڵ، دروستبوونی کەسێتی منداڵ، کە زۆربەی زانایانی دەروونناسی لەسەر ئەوە کۆکن کە دروستبوونی کەسێتی منداڵ لە تەمەنی باخچە و پەلی یەکەمی بنەڕەتی دایە بۆیە گرنگیدان بەو قۆناغە پێویستە و ئامادەکاری باشی دەوێت، چونکە منداڵ بنچینەی بنیاتنانی کەمەگەیە و دەتوانین لە ڕێگەی چیرۆک و هۆنراوەی پەروەردەیی گونجاو بۆ ئەو قۆناغە ئەو کارە ئەنجام بدەین. تا ئایندەیان گۆش بێت و کەسێکی وریا و چالاک و وشیار دەربچن.

پرسیار: یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی ئەدەبی منداڵان، ئامانجێکی نیشتمانییە.. تا چ ڕادەیەک نووسەرانی ئەدەبی منداڵانی کورد ،توانیویانە ئەم ئامانجە بقۆزنەوە و لە ڕێی نووسینەکانیانەوە، هانی منداڵانی کورد بدەن بۆ زیاتر شیرینکردن و هاوبەستەبوونیان بۆ گەلی کوردمان و بۆ کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان؟

وەڵام: هەر کەسێک بۆ منداڵان دەنوسێت ئاگاداری ئەو پێامەیە کە پێویستە لەڕێی هۆنراوە و چیرۆک و ئەپەرتە

تایبەتکانەوە بیگەیەنێت بە منداڵان، خۆشەویستی دایک و باوک و مامۆستا و خاک و نیشتمان و ژینگە و ...، دروستکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤدۆست و دادپەروەر و ئاستگەل جوان بین و چالاک و هۆشیار و ئازا و ئازاد، پەیوستە هەنگدانەوەی هەبەت و بۆپەی قەناغەکانی تەمەنی منداڵی نوسرابن، تا کاریگەریان هەبەت،ن یشتمان پەروەریی و خۆشەویستی خاک و وابەستە بوون بە کوردستان و ژینگە جوان و نازدارەکەی ئامانجەکی گرنگە و نوسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانی کورد هەویان داوە کە باسی بکەن و بیگەیەننە منداڵ بە جۆرێک کە کاریگەری تەواوی خۆی هەبەت. من دەتوانم هەنراوەیەکی خۆم لێرەدا بە نمونە بهێنمەوە کە بە کوردستانم نوسیوە.

کوردستانە کوردستان
خاکە پیرۆزەکەی من
خۆشەویستە و بە وەنە
نیشتمانێکە مەزن
.....
بستێک لێم خاکە جوانە
لای من گشت دنیا دەنە
با هەموو هەوە بدەین
تا بە جوانی بمێنە
هەرکەس لە کارەکەیدا
دەسەزی خۆی بنوێنە

لای شاعیرانی تریش نمونەی لێم شۆیە هەیە و پەیامێکی پەویستە کە بگاتە منداڵانی کورد.

پرسیار: لە ئەمەدا نووسین بە منداڵان لەبەردەم شەشکی تەکنەلۆژیا و گەانکاری خێرا و داهێنانی سەیرو سەمەرە دایە، لە هەموو بوارکانی ژیاندا، منداڵانی ئەمەشمان منداڵانی سەدەی ابردوو نین، هیوا و خەون و خواستکانیشیان هەمان هیواو خەون و خواست و پەویستیەکان نین، پەویستە نووسەرانی ئەمەی ئەدەبی منداڵانی کوردمان ئەم ااستییانە لەبەرچاو بگرن، نووسینکانیان پێ بە پەستی ژیانی ئەم ەڕۆژگارە تازەیە بن، نووسەری داهێنەر ئەدەبێکی رەسەن و نوە، کاریگەری و هەنگدانەوەیەکی قووی ئەرێنی لەسەر گەشکردن و فراوانکردنی بیر و هەش و ئەندەشە و لایەنی بایەلۆژی منداڵان هەیە، منداڵان دەتوانن باشتر چارەسەری کەشکانیان بکەن، ای مامۆستا عەلی

حەمەشید بەرزنجی لەم ڕووەوە چییە؟

وەڵام: ئەستەمە تەکنەلۆژیا وەکو شەشکی دیار و کاریگەر بە لەشاو گەانکاری و داهێنانی نوێ دەخاتە بەردەم مرۆڤ بەگشتی و بچووکەوە و هەرگیز منداڵانی ئەمڕۆ وەکو منداڵانی دوێنێ نین و هیوا و خواست و پەداویستیەکانیشیان زۆر و جیاوازن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەدەبی منداڵان فەرامۆش کرابێت ،بەڵام نوسەری بواری ئەدەبی منداڵان وا باشە کە ئاویش زیاتر ئاگاداری گەانکاری و داهێنانە نوێکان بێت و هەوڵ بدات بشێوەیەکی سەردەمیانە لە نوسینەکانیدا جێبان بکاتەوە و وەکو پێویست باسیان بکات و سود و زیانەکانی ئەو ئامڕازە و یارییە ئەلکترۆنییانە بکات و بە زمانی منداڵ و شێوازێکی شیاو، لای من نوسین بۆ منداڵ بشێوەی پەرتوک و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان کاریگەری باشتری دەبێت لەسەر منداڵ و چەژی تایبەتی خۆیشی دەبێت. من لە چیرۆک و هەنراوەشدا هەوڵەکانم داوە کە ئەو داهێنانانە لە نێو چیرۆک و هەنراوەکانمدا جێ بکەمەوە. لە هەنراوەی (ئایپاد) و چیرۆکی (خەونەکەی باران) بە ڕوونی دیارن.
خەونەکەی(باران)

(باران) لەگەڵ ئەوەی کە زۆر حەزی لە قوتابخانە بوو، بەڵام هەندێک جار بەزاری خۆی دەردەبڕی، چونکە پێاو و پێتوکەکانی زۆر قورس بوون، کە دەگەایەوە جانتاکەی دەکردە شانی، پشتی دەیدایە ئازار. ڕۆژێک دوای گەانەوەی لە قوتابخانە پشوویەکی کەم، ئایپادەکەی هێنا و لە دڵی خۆیدا وتی خۆزگە لە جیاتی پێاو و پێتوک تەنها ئەم ئایپادەم دەبرد بۆ قوتابخانە. بەدەم بیرکردنەوە لەو بابەتە، چونکە ماندوو بوو خەوێکی ئارام ئامێزی بۆ کردەوە.

(باران) خەونێکی خۆشی بینی، کە بۆ ئاگا هاتەوە چووە لای هاوڕێکانی وخەونەکەی بۆ گەانەوە، لە خەونمدا مامۆستا بووم ، لەگەڵ مامۆستاکانی تردا هەموو پێتوکەکانی پێلی یەکمان سکان کرد و بۆ قوتابیەکانمان وت کە ئایپادی هێنە، بۆیانی لەگەڵ خۆی بیهێنێت! چەند خۆشبوو هەموو هەیانبوو. بۆ بۆیانی هەمووان ئاپادەکانیان هێنابوو ناوی خۆشیان لەسەر نوسی بوو . لەمان وڕگرتن و بابەتە سکانکراوەکانمان لەسەر ئایپادی هەریەکەیان دابەزاند. بە ڕۆژی دواتر لەسەر ئاپیادەکە وانەیان دەخوێند و هەر لەسەر ئایپادەکەش ئەرکەکانیان

دەنوسیەوە, لە وانەی پەنجەمدا پەیمان وتن بە بەیانی پەویست ناکات جانتا قورسەکانتان بهێنن. چونکە ئێستا هەموو بابەتەکان لەسەر ئایپادەکانتان هەن. باران بە پێکەنینەوە وتی: بەداخەوە کە بە ئاگا هاتمەوە تەماشادەکەم مامۆستا نیم وهەروەک جاران قوتابیم! جانتا و ئایپادەکەشم هەروەک خەیان ماونەتەوە، ئیتر هەمووان دایانە قاقای پێکەنین و وتیان: خەزگە خوونکەی باران دەهاتە دی بە هەمووان.

پرسیار: ئایا تا ئێستا بەڕێوبەرێتی ڕۆشنبیری منداڵان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو پەویست ئاوەیان لە ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان داوەتەوە؟

وەڵام: ئەوەندەی ئاگادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سااڵنی ڕابردوودا لە ڕێگەی (بەڕێوبەرێتی زنجیرە کتێبی منداڵان) لە هەولێر و (بەڕێوبەرێتی خانەی سمێرە) وە لە سلێمانی کەمێک کاری زێر جوان و باشیان کردووە بە منداڵان ئەویش بە چاپکردنی کەمێکی زێر کتێب و نامیلکەی منداڵان کە بەشەویەکی سەردەمییانە و گونجاو چاپیان کرد بوو ، کە بە سوپاسەوە ئەو دوو بەڕێوبەرێتییە یەکی نامیلکەیەکیان بە چاپ کرددم ،(وانەی کوردی و دیاریی)، بەڵام تیراژیان کەم بووە کە دەبووایە زێر بووایە چونکە بە منداڵانی هەموو کوردستانیان دەکرد. بەداخەوە کە ئەو دوو بەڕێوبەرێتییە لە ئێستادا نەماون و تەنها گۆڤاریش کە گۆڤاری(هەنگ) بوو کە هی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە منداڵان ئەویش وەستاوە، خەزگە هەرسەکیان دەکەوتنەوە کار،بچونکە ئەوانە پەویستییەکی دنیا جوانەکەی منداڵانن. دەتوانیین بڵێین کە وەکو پەویست ئاوەیان لە ڕۆشنبیری منداڵان نەداوەتەوە. چونکە حکومەت واباشە گۆڤاری تایبەت و دەزگای تایبەتی پەخش و باڵوکردنەوەی تایبەتی بە منداڵان هەبێت.

پرسیار: گۆڤارەکانی منداڵان، ڕۆژنامەکی کارتەکارییان لە ڕۆشنبیرکردن و لە گۆشە کردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کوردمان هەیە، لەوانەش گۆڤاری(پەپوولە) و (گوڵەکان) و (سۆڤارە).. ئایا ئەم گۆڤارانە لە ڕووی چەندێتی و چەنییەتییەوە لە ئاستی خواست و هیوا و تموحی منداڵانی کورد دان؟

وەڵام: دەربارەی ڕۆژی گۆڤارەکانی منداڵان لە پەروەردەکرد و

بەرەوپێشچوونی ئەدەبی منداڵانی کورددا بابەتێکم بەناوکردەتەوە کە لە سایتەکانیشدا دامبەزاندووە، بە وردی باسی ئەوەم کردووە، بەڵام گۆڤارەکانی منداڵان جێی زۆریان هەیە لە ڕوشنبیر کردن و گۆشکردن و پیشکەوتنی ئەدەبی منداڵان دا. گۆڤاری (گوڵەکان) کە تائێستا (١٣٨) ژمارەی لێدەرچووە و (پێپوڵە) کە (٢٦٢) ژمارەی لێدەرچووە و (سفرە) کە ٢٢٠ ژمارەی لێدەرچووە، هەریەکێک لەو گۆڤارانە لە ئاسمانی ڕۆژنامەگەری منداڵانی کورد دا بە گۆشی دیارن و خزمەتێکی باشیان بە منداڵ و بە ئەدەبی منداڵان کردووە، بەڵام ماوەتی بەتەوای بگەنە ئاستی خواستەکانی منداڵان، گوڵەکان لەم ٣ ژمارەی دواییدا گەڵانکاری و پێشکەوتنی پێوە دیارە و لە هەوڵی باشترکردنی گۆڤارەکە دان، پێپوڵەش یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بەردەوامی لە ساڵی ١٩٩٢ وە دەردەچێت پێشکەوتنی باشی بە خۆیەوە بینیوە و تا ڕادەیەک جیاوازی پێوە دیارە و سفرەش کە لە شاری دهۆک دەردەچێت و بە کەمی دەگاتە سنوری سلێمانی ئەمیش پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە بەڵام زیاتر بابەتەکانی بە شێوەی بادینی بەکاو دەکاتەوە و من چەند بابەتێکم بە ناردوون بەسوپاسەوە بەکاویان کردەتەوە کە لەو ژمارانەدا تەنها هەنراوەکەی من سەرانی بووە. بەگشتی من پەیوەندی باشم لەگەڵ ئەوان و گۆڤارەکانی تریش دا هەیە و بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵی خزمەتکردنی ئەدەبی منداڵان دەدەن و کەمێک لە نوسەران و شاعیران و وەرگێڕانی بواری ئەدەبی منداڵان لەو گۆڤارانە و گۆڤارەکانی تری منداڵان دا بەرهەمەکانیان بەکاو دەکەنەوە.

پرسیار: نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانی کورد، تا چ ڕادەیەک توانیوویانە سوود لە کەلەپووری نەتەوەیی و لە داستان و لە مەژووی پە لە شانازی و لە بەسەرهاتەکانی گەلەکەمان وەربگرن؟ لە هەنراوەکانی (لەتیف هەمەت) دا، بە منداڵانی کورد، ئەم هەنگدانەوەیە بەدی دەکرێت؟ ئای ئەوە لەم هووە چییە؟

وەڵام: نوسین وەک بەرپرسیارێتی وایە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەنووسن و بە تایبەتیش لە نوسین بە منداڵان دا بەرپرسیارێتییەکە زیاترە، بۆیە نووسەر بە هەوێنی نوسینەکانی هەمیشە دەتوانێت سود لە بیرەوەرییەکانی منداڵی خۆیشی وەربگرێت و هەوڵی ئەوەش بدات کە سود لە کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوە و گەلەکەشی وەربگرێت تا وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بەکاریان بهێنێت و لە هەمان کاتیشدا بە منداڵانی کوردی بناسێنێت.

ئەگەر سەرنج بدەین بەجگە لە لەتیف هەمەت نوسەر و شاعیرانی تریش سودیان لەوەرگرتووە و بەکاریان هێناوە، کە چەژکی تایبەتی بە بابەتەکە بەخشیوە و مەرکی کوردانەشی بە جوانی پێوە.. دیاربووە من بەکارم هێناوە وەک خەم، بە نمونە لە هەنراوەی باران دا، دەڵێم:

منداڵی وردیلە و جوان
سروود دەڵێن بە باران
پێکەوە گشت بە یەک دەنگ
بە ئاوازێکی قەشەنگ
دەیەنەوە بە وەستان
((هەیاران و مەیاران
یا خوا داکاتە باران
بە فەقیر و هەژاران

پرسیار: قەیران و کێشەی دارایی گەورەترین کێشەیە لە ناوی چاپکردنی پەرتوکی منداڵان بە شێوەیەکی هونەری پێویست و لەبار، هەروەها نەبوونی دەزگایەکی تایبەت بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پەرتووکانی نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان هەکارێکی سەرەکی دواکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کوردمانە.. بە ڕای مامۆستا عەلی ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێت؟

وەڵام: باری ئابووری کارێکی وای کردووە، کە نوسەران و شاعیرانی بواری ئەدەبی منداڵان نەتوانن وەکو پێویست بەرهەمەکانیان چاپ و بڵاوبکەنەوە، بەشێوەیەکی جوان و گونجاو و سەردەمیانە کە هەموو مەرجەکانی پەرتوکی منداڵانی تێدا بێت، هەروەها نەبوونی دەزگایەکی تایبەت کە گرنگی بدات بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوسەران و شاعیران، کاریگەری هەیە لە دواکەوتنی و بڵاوپێشچوونی ئەدەبی منداڵان لە کوردستاندا ،هەروەها وەک من ئاگادارم زۆربەی ئەو پەرتوکانەی کە لە ئێستادا و پێشتریش بە منداڵان چاپکراون تیراژیان زۆر کەم (٢٠٠، تا ٥٠٠) دانەی لە چاپ دەکرێت کە لە ڕاستیدا نوسەرەکەی بە منداڵانی گشت کوردستانی نوسیوە و ئەو تیراژە کەمش بەشی منداڵانی چەند قوتابخانە ناکات، هەندەک لەو شوێنانەش کە پەرتوکی منداڵان چاپ دەکەن هەر هەندەی لە چاپ دەکەن.. پەرتوک هەیە کە چەند ساڵێک پێش ئێستا چاپ کراوە، بڵاتانەوە سەیر نەبێت نوسەرەکەی نوسخەی لا نەماوە و دەستیشی ناکەوێت.. بە

چارەسەری ئەم کێشەیەش دامەزراندنی دەزگایەکی چاپ و پەخشی تایبەت بە منداڵانە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری یان ئەنجومەنێکی تایبەت بە نوسەرانی بواری منداڵان، کە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ سەرپەرشتی بکەن.

پرسیار: من دامەزراندنی (یەکێتی نووسەرانی منداڵانی کورد) بە پێویست دەزانم، تا نووسەرانی ئەدەبی منداڵان کورد لەژێر چەترێکی ئەدەبی یەکگرتوودا، بتوانن زیاتر خزمەتی ئەدەبی منداڵانی کورد بکەن، چونکە (یەکێتی نووسەرانی کورد) وەکو پێویست ئاوڕیان لە ئەدەبی منداڵان نەداوەتەوە و پەراوێزیان کردووە. پێم باشە بە ئێم مەبەستە کامپینێک ڕابگەیەنین، کە تا چ ڕادەیەک نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان لەگەڵ ئێم پێشنیارە دان.. ئەوە چیدەڵێن؟

وەڵام: بابەتەکم دەربارەی بەرەوپێشچوونی ئەدەبی منداڵان نوسیوە و بڵاوبۆتەوە لە سایتەکانیشدا هەیە، باسی زۆر شتم کردووە، یەکێک لەو کارانە کە ئیشارەتم پێداوە کارێکی لەو شێوەیەیە، من پێم باشە (ئەنجومەنی نوسەرانی منداڵانی کورد) یان هەر ناوێکی لەو شێوەیە بە ئەستای ئەدەبی منداڵان زۆر پێویستە و ئەگەر لەلایەن دەسەزانی ئەدەبی منداڵانەوە هەوڵی بە بەردەت، بگومان دەبێتە هەی بەرەوپێشچوونی ئەدەبی منداڵان و دەنیام کە کاری باشتر و جوانتر بۆ منداڵان ئەنجام دەدرێت، هەروەها لەو ڕێگەیشەوە و ڕێگە بە هەندێک نوسین جا چ چیرۆک، یان هەنراوە نادرێت کە گونجاو نین و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵانی تێدا نییە بڵاوببێتەوە، هەروەها من هەر لەو نوسینەمدا باسی ئەوەم کردووە کە گۆڤارێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەو گۆڤار و پەرتووک و نامیلکانەی کە بۆ منداڵان دەردەچن و دەرچوون،لە ئێستادا زۆر پێویستە، کە دەبێتە هەی ناساندنی زیاتری بەرهەمی باش و سەردەمی و گونجاوکان و جیاکردنەوەیان لەوانەی کە بۆناوی ئەدەبی منداڵانەوە نوسراون و هاندانێکی چاکیش دەبێت بۆ ئەو نوسەرانەی کە هەنگاوی باش دەنێن و هەوڵی باش دەدەن لەو بوارەدا. بە بۆای من بە بوونی ئەو ئەنجومەنە ئەوەش دەکرێت و لەگەڵیدا گۆڤارێکی تایبەتی منداڵانی سەرتاسەری بۆ هەموو منداڵانی کورد کە بۆتیراژێکی زۆر بێت تا بگاتە دەست گشت منداڵێکی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە ئازیز و خۆشویستەدا.

پرسیار: چیتر هەیە، کە پەیوەندی بە ئەدەبی منداڵانەوە

هەیە، مامۆستا عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی حزبەکات بە خوێنڕانی باس بکات؟

وەڵام: زۆر سوپاستان دەکەم، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە زیاتر لە ٢٠٠ هەنراوەم ئاوازیان بۆ دانراوە و کراون بە گۆرانی بە منداڵان و لە تیڤییەکاندا پەخش دەکرێن، کەمەڕەک ئەپەرەتیشم بۆ هەمان شێوە کاریان بۆ کراوە و لە باخچەکانی منداڵان دا نمایش کراون، بە کەمەڕەک لە قوتابخانە و خوێندنگە و باخچەکانی منداڵان سرودم بۆ نوسیون و ئاوازیان بۆ دانراوە. هەنراوەی (پاکوخاوێنی ژینگە) کە کراویشە بە گۆرانی لە پەرتوکی (خوێندنەوەی کوردی) پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دا لە چاپکیاندا هەبوو دوو ساڵ خوێندرا دوایی لایان برد، نازانم بۆ؟ کە هەنراوەیەکی پەروەردەییە و ئاوازی بۆ دانراوە و کراوە بە گۆرانیش. هەروەها هەنراوەیەکم لە پەرتوکی (هۆشیاری مین) کە بۆ پۆلی پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی بوو بۆ ئاگاداری خەم دانرابوو کە ئێوسا دەخوێندرا، کە لە لایەن ڕێکخراوی (MAG) یەوە دانرابوو.
لە ڕۆژهەڵاتیش هەنراوەیەکم لە پەیگرامی خوێندنی کوردی دا دانراوە. هەروەها توانیومە لە ڕووی دەسزیمەوە بۆ ئەدەبی منداڵان خەبەخشانە و بەبەرامبەر هاوکاری هەندێک لەو نوسەر و شاعیرانە بکەم لە چاپکردنی بەرهەمکانیان دا و پشکیشم بە هەندێکیان نووسیوە. لە زۆربەی ئەو گۆڤارانەی کە بە منداڵان دەردەچن بابەتکانم بۆ دەکەموە، هەروەها لە سایتە ئەلکترۆنییەکانیشدا تا بگاتە گشت منداڵێکی کورد لە هەر شوێنێک بێت.. دەموت زۆر سوپاسی ئەوەی بەڕێز بکەم و دەستخۆشیشت لە بکەم بە ئەو نووسینە جوانانەی کە لە زۆری لە سایت و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەربارەی ئەدەبی منداڵان و پەروەردەی منداڵان ئەنجامتان داوە.

زۆر سوپاس مامۆستا عەلی حەمەڕەشید، بە دەربینی ڕا و بۆچوونەکانت دەربارەی ئەو پرسارانەمان لەسەر ئەدەبی منداڵان لێمان پرسین.. هیوادارین کە درێژە بەم خزمەتە پیرۆزەتان بدەن و بە چاپکردنی پەرتووکی نوێ زیاتر چاوکانی منداڵانی کوردمان ڕووبکەنەوە و خۆشی و شادی و هیوای زیاتر بخەنە دڕوون و دڵە پاک و قنجەکانیانەوە.

ڕزا شوان
کوردستان: ٣ /٢٠١٩/٩

ناوچەی شیعر، لە «لەنو ماسایەکان»ی پەشوا کاکەیی‌دا … دیار لەتیف

سەفەرکی مەجازی جوگرافیبەی، شیکارکی وای شیعریانەی کلتوورخونەن و لەو ڕێگەوە زەمەنێک بەرباس دەدرە دوور کیشوەر، دەستبردن بە ڕیشەکانی نەریت و سازاندنەوەی مێژوو. قووبوونەوە بەناو ژینگە و ژیان و خووەوشتە میللییەکان. دەقکی کوردی ئەفریقینووس، زمانکی ڕەوان، پەیقی و لە فەرهەنگکی دەرین، لە میللەتکی سادە ژیانکردووی سرووشتخواز.

لەنو ماسایەکاندا؛ ئەو گشتە شیعرییە بان نەتەوییەی، کە خەی دەکاتە هەناوی ڕەحانیەتدا، پەیڕەو لە شوازکی نا لاسایکەرەوە و خوودکاری تازە داهێنراو، جەرک لە فەرم خەی بەیان دەکات لە چەشنی پەراوێزی شیعریی، کە ئەم هاوکات نوکاریەکی سەربارخراوی وێژەیە.
ئەم دەقە بزێوە درامیە؛ لە تەنیشت ڕەچەوون بە ناوکی ماسایەکانەوە، ڕەخنەیکی توندە لە سەرمایەداریی و شوە ژینی ئەستایی و هاوکات کەمینەیک دژە بە زمانکی گەپ، توانجدەر و قامچی وەشن!

دووزنەی ناونیشانی لەم دەقی واپەدا، چینە ڕووداویە و گەڕانەوەخوازیە، ئەمەش تەرزە مانشەتکی نوسازە بەپەی مامەی ڕەخنە.

چەمکی ڕوانین،
لە «منم، دیدەوانی گوە دەکەم»ی پەشوا کاکەیی‌دا.

ئەی گوە: تە موحیبەتیت،
چەن دەم دەت ڕەحت بکەشم؛
سەرت لە لاشە جیا بکەمەوە و
بتکەمە قوربانی خەم… بە یارکەم.
ئیزنم بدە ئەی گوە…
بە خاکەوە بتگوزمەوە بە لای یارکەم.

تا ببینەت...
دەستەکم، بە قەدتەوە بەت و
دەکانیشت بە پەنجەکانما بچن و خوێناوی بەت.
دەستەکیشم، لە ژێر ڕێگوێشی نەو خاکتەوە بەت.
تا تێبگات یارم کە تۆش موحیبەتیت.
ئیزنم بدە ئەی گوڵ...
دیدەوانیت بکەم و نەهێڵم کەس لە دژت بجەنگێت،
تا ئەوساتەی تەمەن یەخەت دەگرێت؛
تا خودا، پلانی مەرگت بە دەکەشێت.
⋆

ئەم کەلەکەی چامەشیعرییەکەی کتێبەکەیە، گۆشە و سێنتەری نیگای هەڵەنجاوی ناوەڕۆک و بیرکەی بابەتی چەمکە هزرییەکەی شاعیرە.
لەم خاڵەوە پشکنینە وێژەییەکە دەست پێ دەکات، واژەی گوڵ وەک گوزارەیەک، ڕەهەندی جوانیز دەنێتە گەڕە، لەوەوە کێبڕکێ و تێپەڕاندن و دەستکاریەکان و دونیابینین دێتەئارا و بەچوونکی نوێ سەربار دەخرێت. واتە ئەم ڕوانگەیەکی ترە بە چەمکی گوڵ؛ گوڵ جارێک تەسەووفانە و جارێکیش ژینگەدۆستانە و ئەوجاریش مرۆدۆستانە مژار دەکرێت.
گوڵ چیتر یار نییە لەردا و یاریش چیتر ئەو گوڵە نییە وەک بەرتر لە ئەدەبیاتی کلاسیک و سۆشیالیزم و هتد... ئامادەیە، بەکوو یار پاژە تەوەرێک و گۆیش نا قوربانیکراو؛ بەیارنییە کەس قوربانیی ئەویتر بکرێ. شاعیر هزرەندانە تەوەر لەسەر گوڵ دەگرێ، دەلاقەیەکی تر لە ڕوانین سەرخان دەکات.
ئەفسووس دەخوازێت لەوەی ڕەژەک هەرزانە بووەتە کوشتیاری چەنەرگزێک و بە ڕەگەزی هەمبەری بردووە، دواتر لە دانپێدانگەی شیعریدا، سروودی لەخۆشبوون و پاقژبوون دەڵێتەوە، تەنانەت داوای پەنجە کرتاندنی خۆی لەهەمبەر تاوانکەی دەکات!
ئەم گوڵە پەرستییە تەسەووفانە و جیهانییە، خەمخۆری سرووشتە و ناچالاکییەتی خۆی مەرگ دەکات. بە ڕەگەزی ناونیشان، لە ئاستێکی هەم جوان، لەگەڵ ئەوشدا ستەسازیەکی نوێ و بارگاویکراو بە ڕەهەندی ئاراستەکراوی هزریی ـ عیرفانی.
دەبێ ئەوەش بوترێ، کە جوانتر و ئابووریتر دەبوو ناونیشانی «منم دیدەوانی گوڵ دەکەم» بە «منم دیدەوانی گوڵ» بهاتبا؛ چونکە ئابووریبوون لە ئەدەبیات و زمانەوانیدا کەڕەکن.

دیار لەتیف